Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

**Aran Journal** for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-06

# فاکتەرەکانی و زەمینەسازی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك

**سوار حسن محمد، پشكۆ حمەطاهر عبدالرحمان**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی- عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-10-06** |
| Accepted | **2026-01-09** |
| Published: | **2026-01-16** |

**Keywords**

**کەرکوك، ئاوارە، کۆمەڵەی روناکیری، پاکتاوی نەژادی**

**Corresponding Author**

Swarh1980@gmail.com
Pishko.tahir@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیەی بەو ناونیشانەی کە لەر بەردەستدایە توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە کە باس لە فاکتەرو مێژووی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوک دەکات لە ماوەی سالآنی (١٩٩٩_٢٠١٣)دا، کە ماوەیەکی مێژوویی بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە، بەڵام مەبەست و ئامانجەکانی پشت دەرچوونی گۆڤارەکە و پەیامەکانی نازانین، کە بەپێی سەرچاوەکان پاشخانێکی گەورەی هەیە لە ڕووداوی مێژوویی و کارەساتی مرۆیی وەک پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و بەبەعسکردن لە کەرکوک کە ڕیشەیەکی مێژووییان هەیە ، کە تاوەکو ئێستا تیشکێکی ئەوتۆی نەخراوەتە سەر وەکو فاکتەر بۆ دەرچوونی گۆڤاری کەرکوک لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی لەم چەشنە ،لە کاتێکدا شایستەی ئاوڕلێدانەوەو توێژینەوەی ئەکادیمی و سەربەخۆیە .

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی وردو زانستیە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو پاشخانە مێژوویە و قۆناغە جیاجیاکانی پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتانەو کاریگەریەکانی لە سەرچۆنێتی دەرچوونی گۆڤارەکە و فاکتەرەکانی پشت دەرچوونی گۆڤارەکەو دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی پارێزگای کەرکووک و ڕۆڵی کۆمەڵەکە لە هێنانەبوونی گۆڤاری کەرکوکدا، دەکرێت بوترێت ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەو زانیاریانەی کە لەو ڕووەوە هەیە وباس نەکراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە بیانخاتە ڕوو،هەڵبەتە لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوەکانی تایبەت بەو بابەتە وچاوپێکەوتن وسەرچاوە مێژووییەکانی دیکە گەشتین بەو ئەنجامە ودەیسەلمێنن کە پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و بەبەعسکردنی کەرکوک و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی گاریگەریەکانی ئەو سیاسەتانە بوونەتە بنچینە بۆ خولْقاندنی فاکتەرەکانی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوک و کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی پارێزگای کەرکووک و کاراکتەرەکانی، کۆمەلەکەش ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دەرکردنی گۆڤارەکەدا و دەرخستنی گرنگی ئەم بابەتە ،هەڵبەتە توێژ بۆ گەیشتن بە ئەنجامگیرییەکی دروست و زانستیانە، لەیەک کاتدا پشتی بە میتۆدی زانستی مێژوویی و شیکاریی ووەصفی(پەسەنی) بەستووە، هاوکات هەوڵدراوە لە سێ تەوەری سەرەکیدا باس لە فاکتەرە(مێژوویی وسیاسی) و(ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی)یەکانی دەرچوونی گۆڤارەکەو مێژووی دەرچوونی بکرێت.

## پێشەکی:

وەک دەزانین گۆڤارو رۆژنامەکان کەناڵێکی گرنگی مەعریفیان پێکهێناوە لە مێژووی هاوچە رخی کورد دا بو بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و پاراستن و زیندو راگرتنی مێژوو و ئەدەب و زمانیی کوردی گۆڤاری کەرکوکیش لە ماوە ی(١٩٩٩-٢٠١٣) دوازدە سالی دەرچوونییدا رۆڵێکی بەرچاوی گیراوە لە پیشخستنی کایەی رۆشنبیری و رووی شارستانیەتی کورد و کەرکوک لەو قۆناغەی مێژووی کورددا، بەڵام وێرای ئەو نامادە بوونە کارییەی گۆڤارەکە کە بەدواداچوونی بۆ پێشهات و پەرەسەندنەکانی کەرکوک لە قۆناغێکی هەستیاری کوردستان و کەرکوکدا، بۆچی تاوەکو ئێستا هیچ ئاورێکی لێنەدراوەتەوەو نەتوانراوە هۆکارو مەبەستەکانی پشت دەرچوونی گۆڤارەکە ساغ بکرێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە کامانەن ئەو رەگەزە بنچینەییانەی کە فاکتەرەکانی زەمینەسازی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوکیان پێکهێناوە وچی وایکرد ئەو گۆڤارە بێتە ئاراوە ئایا ئەو گۆڤارە پێویست بووە بۆ ئەو کاتە؟ ئەم پرسیارە بەرای توێژەر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی بەدواداچوون بۆ ئەو بوارە نەکراوە، بۆیە هەر زانیاریەک لەم توێژینەوەیەدا و بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پاڵپشت بە چەند سەرچاوەیەک لە گەڵ ژمارەیەک چاوپێکەوتن هەوڵێکی زانستی ئەکادیمیە بۆ تیشکخستنە سەر ئەو گۆڤار و ئەو بوارانەی کە فاکتەرەکانیان خولقاند.

**گرنگی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی بابەتێك لەژێر ناونیشانی فاکتەرەکانی و زەمینە سازی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك ، وەك بابەتێکی مێژوویی گرنگ و پربایەخە ، چونکە ئەم بابەتە گەڵ ئەوەی کەبابەتێکی نوێیە دەیەوێت ئەو فاکتەرانەی کە زەمینە سازیان کردووە بۆ دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك بخاتەوو، ئەم توێژینەوەیە شێوازێکی وورد لەسەر ئەو فاکتەرانە دەوەستێت و دواتر هەرلەم توێژینەوەیەدا دێت باسی لەسەرەتاکانی و یاخوود چۆنێتی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك و رۆڵی گۆڤاری کەرکووك لە مێژوودا و لەبواری ئابووری و لایەنەکانی تر بەدەردەخات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە لێکدانەوەیەکی ئەکادیمیانەی زانستیانەیە بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە ببێت بەسەرەتایەك بۆ نووسینی توێژینەوەی فراوانترو گشتگیرتر لەسەر گۆڤاری کەرکوك و تەواوی ئەو بابەتانەی کە سەبارەت بە کەرکووك نووسراون و ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە نیشاندانی شوێنی گۆڤاری کەرکوك لە نووسینەوەی مێژوو بەگشتی و مێژووی کوردستان و کەرکوك بەتایبەتی .

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە:** دیارە کۆمەڵێك فاکتەر وایکردووە کە توێژینەوەیەك بەو ناونیشانە بنووسرێت، لەوانە تاوەکو ئێستا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و سەربەخۆ سەبارەت بە گۆڤاری کەرکوك و فاکتەرەکانی دەرچوونی گۆڤارەکە نەنووسراوە، هاوکات ئەوەی هانی توێژەری داوە کە ئەم توێژینەوەیە بنووسێت ئەوەیە کە دەیەوێت لەم روانگەیەوە بە وردی باس لە چۆنێتی دەرچوونی ئەو بارودۆخە بکات کە گۆڤاری کەرکوکی تێدا دەرچووە و لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی ئەو کارەکتەرانەش بخاتەڕوو، کە بەشداربوون لە دەرکردنی گۆڤارەکە، جیا لەوانەش دەمانەوێت لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا سەرەتایەکی باشتر و فراوانتربخەینە بەردەست بۆ چۆنێتی دەرچوونی گۆڤارە جیاوازەکان لە کوردستان بەگشتی و گۆڤاری کەرکوك بە تایبەتی .

**میتۆدی توێژینەوە:** بێگومان بۆ نووسینی هەر توێژینەوەیەك توێژەر زۆرجار ناتوانێت بەتەنیا میتۆدێك گوزارشت لە تەواوی بابەتەکان بکات و رونیشیان بکاتەوە ، بۆیە ئێمەش لێرەدا لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەی زانستی مێژوویی و پەناشمان بردۆتەبەر میتۆدەکانی تری وەك و شیکاری و وەصفی(پەسەنی) و لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە.

**گرفتەکانی توێژینەوە:** روونە نووسینی هەر توێژینەوەیەك بەو نیشانەی کەلە بەردەستدایە کۆمەڵێك گرفتی هەبووە وەك: نەبوونی سەرچاوەی پێویست، هەروەها لەبەرئەوەی ماوەیەکی مێژوویی بەسەر دەرچوونی گۆڤارەکەدا تێپەریوە، بۆیە ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە رەنگە نەیانتوانیبێت رووداوەکە وەکو خۆی بگەیەنن، پاشان دەستنەکەوتنی هەندێك بەڵگەنامەی پێویست بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە دەوڵەمەندتر بکات، بەڵام دواتر بە پشت بەستن بەو چاوپێکەوتنانەی کە کراوە و بەکۆمەڵێك سەرچاوە توانراوە بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵ بین.

**سەرچاوەکانی توێژینەوە:** ئەو سەرچاوانەی بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێوەرگیراوە بریتیە لە کۆمەڵێك سەرچاوەو گۆڤاری عەرەبی و کوردی و چەندین چاوپێکەوتن و بەشێك لە ژمارەکانی گۆڤاری کەرکوك کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکرێت بەم جۆرە:

- **لەگرنگترین سەرچاوە کوردییەکان:** (پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری : شاری کەرکوك، 1917-1936 ، و شاری کەرکوك 1957-1977 ، سۆزان کەریم مستەفا : بەعسیزم و کورد، ئەمین قادر مینە: ئەمنی ستراتیژی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان (تەرحیا ، تەعریب، تەبعیس) ، دکتۆر نوری تاڵەبانی: ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆرینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، دکتۆر جبار قادر: نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافی) .
- **لە گرنگترین سەرچاوە عەرەبیەکان :** (دكتور جبار قادر: قضايا كردية معاصره ( كركوك الانفال – الكرد و تركيا).

هاوکات لەگەڵ چەند چاوپێکەوتنێك و بەشێك لە ژمارەکانی گۆڤاری کەرکوك ، لەرێزبەندی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

**ناوەرۆکی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی سەرەکی لە پێشەکیەك و سێ تەوەرو ئەنجام پێکهاتووە :

**تەوەری یەکەم:** لەژێر ناونیشانی (فاکتەری مێژوویی و سیاسی)ە ، تێدا هەوڵ دراوە باس لە پرۆسەکانی (بەعەرەبکردن و راگواستن و بە بەعسیکردن ) ی کەرکوك بکرێت کە وەکو فاکتەری مژوویی و سیاسی رۆڵی کارایان هەبووە لە هێنانە بوونی گۆڤاری کەرکوك ، بە ووردی باس لە تەواوی ئەو لایەنانە کراوە کە دووچاری ئەو سیاسەتانە بونەتەوە لەشاری کەرکوکدا .

**تەوەری دووەم:** لەژێر ناونیشانی (فاکتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی)ھ ، کەتێدا بە ووردی باس لەو ڕەھەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونیانە کراوە کە لەناوچەی کەرکوك و دەورووبەریدا لە ئەنجامی سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقدا درووستبوو بوون و بوون بە فاکتەرگەلێك بۆ ھاتنە ئارای گۆڤاری کەرکوك.

**ھەرچی تەوەری سێیەمیشە :** بەناونیشانی (کورتەیەك دەربارەی مێژووی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك)ھ، لەم تەوەرەشدا بە وردی تیشك خراوەتەسەر ئەو ھەل و مەرج و پێشھاتە سیاسی و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیانەی کە تێدا گۆڤاری کەرکوك دەرچوێنراوە لە دوای (ڕاپەڕینی ئازاری 1991) ی باشوری کوردستان و دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کارەکتەرەکانی دامەزرێنەری کۆمەڵەکەوە ، ھەوڵ و تەقەلاکانیان لەمەڕ چۆنێتی دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك.

## تەوەری یەکەم: فاکتەری مێژوویی و سیاسی

لەم توێژینەوەیەدا ھەوڵدراوە ئەو فاکتەرانەی کە زەمینەیان سازاند یاخود دروستتر بوترێت کە ئەو ژینگەیەیان پێکھێنا بۆ دەرچوونی "گۆڤاری کەرکوك"، وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی یاخود کولتووری و نەتەوەیش، کە لە سەر بنەمای باوەڕی توێژەر و نووسەران یاخود سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانەوە بێت. بەم چەشنەی خوارەوە بخرێتەڕوو:-

**یەکەم/ فاکتەری مێژوویی:-**

لایەنی مێژوویی و بەسەرھاتەکانی دیرۆکی ئەم شارە یەکێکە لە ڕەگەزە بنچینەییەکانی پێکھێنانی فاکتەرەکانی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك دەکرێت بەم چەشنەی خوارەوە بیانخەینەڕوو:-

**1- بە عەرەبکردنی کەرکوك:**

پرۆسەی بە عەرەبکردنی کەرکوك یەکێکە لەو سیاسەتانەی کە حکومەتی ناوەند لە سەردەمە جیاجیاکاندا پیادەیکردووە، بە مەبەستی سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی کەرکوك و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتە نەتەوەی عەرەبدا، بەعەرەبکردنیش واتا بە زۆر بە عەرەبکردنی شتێکی ناعەرەبی، وەك بە عەرەبکردنی بەڕێوەبەرایەتی یان خوێندن یان دامودەزگاکان، ھەر پاش درووسبوونی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (1921)دا و دواتر لەگەڵ لکاندنی ویلایەتی موسڵ(باشووری کوردستان) بەو دەوڵەتەوە لە ساڵی (1926) سیاسەتی بە عەرەبکردنی باشووری کوردستان بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی دەستی پێکردووە( ئاغجەلەری، 2015، ل 189)، بەرەبەرە پرۆسەکە پەرەی سەندووە بە تایبەتی لە کەرکوك، چونکە کەرکوك لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کشتوکاڵیەوە پێگەیەکی کرنگی ھەبووە و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بەڕێوشوێنی جیاواز پەیڕەوییان لە سیاسەتی بەعەرەبکردن کردووە لە کەرکوك( پشدەری، 2009، ل 36)، دواتر لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا بە ھێنانی ھۆزە عەرەبەکانی (حەمدان و کلیبات) بۆ ناوچەی حەویجە و نیشتەجێکردنیان، حەویجە بەعەرەبی کرا ( مستەفا، 2007، لل 247-248) لە لایەکی دیکەوە حکومەتی ناوەندی عێراق بەردەوام ھانی خێڵە کۆچەرییە عەرەبییەکانی دەدا و ھاوکاریشی دەکردن کە ڕوو لە کەرکوك و دەوروبەری بکەن و تێیدا نیشتەجێ بین( ئاغجەلەری، 2023، ل 63)، ھەنگاوێکی تری گەورەی بە عەرەبکردنی کەرکوك لە نێوەڕاستی سییەکاندا دارشتنی پرۆژەی ئاودێری حەویجە بوو لە ساڵی 1936 دەستکرا بە ھەڵکردن و کارکردن تێیدا، ئەمەش بە مەبەستی نیشتەجێکردنی ھۆزی عەرەبی کۆچەری تێیدا( ئاغجەلەری ، 2015، لل 190-191)، ئامانجی ئەم پرۆژەیە کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە ناوچەی کەرکوك و ھێنانی عەرەب و زیادکردنی ژمارەی عەرەبی لە پشتەوە بوو ( ڕزگاری، 2003، ل 115). لە لایەکی ترەوە ھەر سەبارەت بەعەرەبکردنی کەرکوك، ساڵی 1963 ساڵی ھەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤی کورد و عەرەبە لە کەرکوکدا، لەبەر ئەوەی لەو ساڵەدا ھێزەکانی( فورسان وەلید) و بە دروشمی ( احن البدو – وین العدو، احن اھل الغیره نطرد الاکراد من ھالدیرة) بەربوونە وێزەی گوندنشینە کوردەکان و ئەوەی نەشیا کردیان، لەو ڕۆژەوە ئیدی ھیچ بنەمایەك بۆ پێکەوە ژیان یان بە مانایەکی دیکە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە نەمایەوە، لەبەرئەوەش پێکەوە ژیان جگەلە پێکەوە ژیانێکی بەزۆر زیاتر نەبوو لە عێراقدا ( فەرەج، 2006، لل 277-278)

بەم جۆرە ساڵی 1963 بە دەستپێکی قۆناغی نوێی بەعەرەبکردنی کەرکوك ھەژمار دەکرێت، چونکە کەرکوك ڕووبەڕووی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی بوویەوە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی بە عەرەبکردندا، ھێنانی عەرەبە کۆچەری و لادێنشینەکانی خواروو و ناوەڕاستی عێراق بۆ کەرکوك، لە لایەکی ترەوە ھێزێکی گەورەی وەك گاردی نەتەوەیی(الحرس القومي) کەوتنە ڕووخاندنی گەڕەکە کوردنشینەکان لە کەرکوکدا، مەبەست لەمەش تەنھا گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکەبوو( ئاغجەلەری، 2023، لل64-65) پاش گەڕانەوەی بەعسیەکان بۆ سەر دەسەڵات بە کودەتایەك کە لە تەموزی(1968)دا، ھەرچەندە لە سەرەتادا ھەوڵیاندا وەك ھەمیشە بەشێوەیەکی ڕووکەش چارەسەری کێشەی کورد بکات، بەڵام لە ڕاستیدا نەیویستووە ئەوکارە ئەنجامبدات تەنھا مەبەستی تواندنەوەی گەلی کوردبووە( دێشنەر، 2024، ل 359)، سیاسەتی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی کەرکوك چووە قۆناغێکی زۆر ترسناك و مەترسیدارترەوە( محەمەد، 2009، ل41، مینە، 2012، ل 223) ئەمجارەیان بەعس ھەوڵیدا لە ڕێگەی یاساوە مەبەستەکانی خۆی پیادە بکات، بۆ نموونە: لە ماددەی (یەك)ی دەستووری عێراق ساڵی(1968)دا ھاتووە"گەلی عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب" بەم پێیەش ھەموو خاکی عێراق عەرەبیە و شاری "کەرکوك"یش بە بەشێك لە خاکی عەرەب ھەژمار دەکرێت لە لایەن عێراقەوە( ئاغجەلەری، 2015، ل 203). بێگومان پرۆسەی پاکتاوی نەژادی و گۆڕینی دیموگرافیای کەرکوك بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام بووە و، شێواز و ڕێچکەی نوێی

وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە تیشکی بخەینەسەر کاریگەری ئەو پرۆسەییە بەسەر تەواوی کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لە مێژووی ئەو شارەدا.

وەکو سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکردووە کە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك، تەنها گۆڕینی دیمۆگرافیای بەخۆوە نەگرتبوو، بەڵکو بوارەکانی ڕۆشنبیری و خوێندنیشی گرتەوە و بەرنامەی پەروەردەی خوێندن بە ڕۆحێکی بەعسیانە کاری بۆ دەکرا، واتە بەرنامەی خوێندن کوردی شارەکە گۆڕدرا و بە عەرەبی کرا ، هەموو زانیاریە مێژوویی و جوگرافیەکانی کورد و کوردستان لە پەرتووکی خوێندنگاکاندا سڕییەوە و خوێندنی کوردی لە کەرکوك و ناوچەکانی تر لابرا و چیتر زمانی کوردی وەك زمانی دووەم لە عێراقدا سەیر نەکراوە، لە شاری کەرکوکدا پروپاگەندەیان بڵاوکردەوە کە خوێندنی کوردی پاشەڕۆژی بۆ نییە، کە ئەوەش بە پرۆژەیەکی تری بەعەرەبکردنی لە شاری کەرکوگ هەژمار دەکرێت( ئاغجەلەری، 2023، ل66-67). پاراستنی کولتووری نەتەوایەتی یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی ناسنامەی هەر نەتەوەیەك، لای بەعسیش ئەم خاڵە بە خاڵێکی گرنگ دانراوە( سدیق، 2009، ل65)، دەبێ سەرجەم ئەو بوارانەی کولتووری بهێنێتەوە بەرچاومان کە بەعس هەوڵی سڕینەوە و لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنانی و بە عەرەب کردنی داوان، هەر لە بواری پەروەردە و فێرکردن و هونەر و هەتا دابونەریت و ڕەسەنایەتی کوردی (قەرەداغی، 2007، ل 85) تەنانەت "سەدام حوسێن" لە ساڵی (1975)وە، هانی مێژوونوسان و نووسەران و هونەرمەندان و شاعیران دەدات و دەڵێت "کاتێك باسی مێژوو و فۆلکلۆری عێراق دەکەین، پێویست ناکات باس لە مێژوو و فۆلکلۆری کورد بکەین"، دواتر ساڵی 1976دا دەزگاکانی ڕژێمی عێراق کەوتنە دەرهاویشتن و سوتاندنی ئەو کتێبانەی کە لە مێژووی کورد و کوردستان بە گشتی و کەرکوك بەتایبەتی دەدوێن، قەدەغەشیان کرد بابەتی مێژووی کورد لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت( حسین، صدام، 1979، ص16.). ساڵی 1978 "سەدام حوسێن" ئامۆژگاری مێژوونووسانی کردووە، کە دەبێ میتۆدی بەعس بەکاربێنن بۆ نووسینەوەی مێژوو( عیسا، 2004، لل 171-172)، هەر لە ڕێگەی دەستکاریکردن و شێواندنی مێژووەوە، پارتی بەعس دەیویست شەرعیەت بەخۆی بدات هەموو ئەمانەشی لە ژێر پەردەی دووبارە نووسینەوەی مێژوودا دەکرد( قادر، 2006، ص137). بەکارهێنانی پەروەردە لە خزمەتی بە عەرەبکردنی شاری کەرکوکدا، بە ڕادەیەك هەموو قۆناغەکانی خوێندنی گرتەوە هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە تاوەکو دەگاتە خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان( تاهر و مەحموود، 2007، ل177).

دەستکاریکردنی تۆماری ئامار لە عێراقدا لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ ئەوەی پرۆسەی بە عەرەبکردن سەربگرێت لە ساڵی 1977دا کە بە ئامارێکی ناتەواو دادەنرێت، چونکە تیمەکانی سەر بە ڕژێم نەدەچوونە ئەو گوندانەی کە دووره دەست بوون لە ترسی پێشمەرگە، ئەمە چەند گوندێکی زۆری دەرەوەی کەرکوکی گرتەوە کە لە بەرژەوەندی کورددا نەبوو، چونکە ناونوس نەکران( سۆفی، 2003، ل94)، بۆیە لە ساڵی 1977دا چوار قەزا و زیاتر لە (10) ناحیەی دابڕاوی لە کەرکوك بەدەر لەو گوندانەی کە ناونووسین نەکرابووان دابران لە شارەکە( قوربانی، 2005، ل103). ئەم سیاسەتی بەعەرەبکردنە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەردەوام بووە و دواتر ساڵی 1991 قۆناغێکی ترە لە قۆناغەکانی بە عەرەبکردنی شاری کەرکوك، لەبەرئەوەی لەم ساڵەدا گەورەترین ڕووداو لە ژیانی سیاسی کورددا ڕوویدا، ئەویش ڕزگارکردنی زۆربەی هەرە زۆری باشووری کوردستان بوو لە ژێر دەستی حکومەتی بەعسدا، لێرەدا بەعس سیاسەتی بە عەرەبکردنی خۆی گەیاندە لوتکە و هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خۆی خستەکار لە شاری کەرکوك، چونکە توانرا ئەم شارە بە یەکجاری ڕزگاربکرێت( قوربانی لەبارەی، 2005، ل18)، بۆیە هەر لە خۆڕانەبووە سەرچاوەکانی ئەم سیاسەتە بە یەکێك لە فاکتەرەکانی ڕاپەڕینی ساڵی (1991)ی باشوری کوردستان ناوزەد بکەن. بەڵام لەم قوناغە بەدواوە کەرکوك و ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئەو کاتی عێراق ڕووبەڕووی شاڵاوێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بوونەوە لە پرۆسەی بەعەرەبکردن، کە تاوەکو کۆتایی دەسەڵاتی بەعس بەعس لە ساڵی (2003)دا درێژەی هەبووو و چەندین کاریگەری و شوێنەواری نەرێنی بەجێهێشت لە سەر زۆرینەی بوارەکانی ژیان لەو شارە، دیارە بۆ بەدەرخستنی ئەو سیاسە، فاکتەرێك بووە بۆ دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك.

**2- ڕاگواستنی زۆرە ملێی دانیشتووانی کەرکوك:-**

پەیرەوکردنی سیاسەتی ڕاگواستن لە کەرکوك ئەو پرۆسە درێژخایەنە، کە دژ بە دانیشتوانی کوردی کەرکوك کراوە، بە ئامانجی گۆڕینی دیمۆگرافیا و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لەو شارەدا. ئەم سیاسەتە لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی پاشایەتی عێراق لە ساڵی 1921دا و لکاندنی ویلایەتی موسڵ( باشوری کوردستان) بەو دەوڵەتەوە، دەستی پێکردووە، لە ساڵی (1925)هەوە حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کەوتنە دوورخستنەوە و ڕاگواستنی دانیشتوانی کورد لە نێوچە نەوتیە ستراتیجیەکان و بەتایبەتیش کەرکوك( ئاغجەلەری، 2023، لل 67-68)، هەر یەکە و بە شێوازێك پێرەویانکردووە بۆ لاوازکردنی پێگە و کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری کورد(قادر، 2019، ل187)، بە مەبەستی شێواندنی پێکهاتە و سیمای نەتەوایەتی نێوچە کوردیەکان، بە شێوەیەك لە بەرژەوەندی نەتەوەی عەرەبدا بێت و لەسەر حسابی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری نێوچەکە( ئاغجەلەری، 2023، ل69). سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرە ملێی کورد، پایەیەکی گرنگی لە دارشتنی هێڵە گشتییەکانی ئەمنی ستراتیجی عێراقدا گرتووە، هەر بۆیە کاتێ لە ساڵی 1963دا بەعسیەکانی بۆ یەکەمجار بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتیان گرتە دەست دەستبەجێ دەستیان کرد بە ڕاگواستنی دانیشتووانی ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك دەوروبەری( مینە، 2012، ل 133). سەرەتا ئەو پرۆسەیە بە خاوی ڕۆیشتووە و سەرەنجی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی بۆ خۆی ڕانەکێشاوە، بەڵام دواتر لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەی کە هێزە ناسیۆنالیستە عەرەبیەکان پێ هەستان( شەریف، 2005، ص201)، کە کودەتای بەعسیەکان لە (1963/2/8) ڕوویدا و دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت، ئەم قۆناغە شێوازێکی مەترسیدارتری لەخۆگرت، ئەمجارەیان جگەلە

نیشتەجێکردنی عەرەب لە کەرکوك هەستان بە وێرانکردنی شارەکە و گوندە کوردیەکانی دەوروبەری و دەرکردن و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی، بە ئامانجی تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبدا( ئاغجەلەری، 2023، ل70)

کاتێك لە ساڵی ساڵی 1968دا، بۆ جاری دووەم بەعسیەکان دەسەڵاتی سیاسیان لە عێراقدا کەوتەوە دەست بە شێوەیەکی هەمە لایەنتر و کەوتنە دارشتنی نەخشە و پلانی ڕاگواستن و سوتاندنی نێوچە کوردنشینەکان بۆ ئەم مەبەستەش دەیان ملیار دیناریان تەرخانکردووە( ئاغجەلەری، 2023، ل71)، بەتایبەتی لە سەردەستی ڕژێمی سەدام حوسێن گەیشتە ئاستی سیاسەتی کۆمەڵکوژی و پاکتاوکردنی نەژادی کوردان لە کەرکوك و گەرمیان و گەلێ دەڤەری تری کوردستان(قادر، 2019، ل187). پرسی ڕاگواستنی شار و گوند و لادێکانی کوردستان لە بەرنامەی سیاسی بەعسدا پرسێکی بنەڕەتی پێکدەهێنن، کە هەڵکەندنی کوردبووە لە سەر خاك و نیشتمانی ڕەسەنی خۆی بە ئامانجی نەهێشتنی مەترسی کورد(مینە، 2012، ل 201). ئەم ئامانجە هەمیشە خەمی سەرەکی بووە بەلای حکومەتی عێراقەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە درێغی نەکردووە لە بەکارهێنانی هەموو ڕێگا و شێوازە نایاساییەکان، وەك رووخاندن و سوتاندنی گوندەکان و ڕاگواستن و گواستنەوەی هەزاران کوردی ناوچەی کەرکوك، دەستەبەسەراگرتنی موڵك و ماڵیان، بەخشینی بەو عەرەبانەی کە لە لایەن رژێمەوە هاوردەی ناوچە کوردیەکان کرابوون، بەکارهێنانی ناشیرنترین ڕێگا بۆ کەمکردنەوەی رێژەی دانیشتوانی کورد لە ناوچەکە( شەریف، 2005، ل 201) لەمەشدا بە چڕی مەبەستایان ڕاگواستنی خەڵکی ناوچە نەوتیەکانی کەرکوك و قەزای کەرکوك و قەزای دوبز لە کەرکوك بووە( عەبدولڕەحمان، 2006، لل 115-116)، بۆیە دەکرێت بوترێت حکومەتی بەعسی عێراق بە شێوەیەکی گشتی تاوەکو ساڵی 1977 زیاتر لە (42,66کم$^2$)ی لە خاکی باشوری کوردستانی دووچاری پرۆسەی ڕاگواستن کرد، کە لە پارێزگای کەرکوك (11,694) خێزانی کورد ڕاگوێزران و ئەمەش نزیکەی ( 37%)ی هەموو ڕاگوێزراوانی باشووری کوردستانی پێکدەهێنا( ئاغجەلەری، 2015، ل 244) بەم چەشنە سیاسەتی ڕاگواستن بەردەوامی هەبوو، کە بە یەکێکیش لە فاکتەرەکانی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی کەرکوك لە ساڵی 1991دا دەژمێردرێت( ئاغجەلەری، 2023، ل73).

لە دوای ڕزگاربوونی ناوچەکانی باشووری کوردستان لە ساڵی 1991دا رژێمی بەعس بەردەوام لە سیاسەتی ڕاگواستن لە کەرکوك، ئەوەبوو تەنگی بە دانیشتوانی کوردی کەرکوك و دەوروبەری هەڵچنی لە پێناو ئەوەی کورد لە شارەکە نەهێڵێتەوە، ئەمەش بەو ئاکامە گەیشت سەد هەزار کورد لە شارەکە و دەوروبەری دەرکرا بۆ شارەکانی هەولێر و سلێمانی و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق ( ئەسەسەرد، 2005، ل 16) لە ساڵانی (1994، 1995، 1996)دا ڕەوتی دەرکردنی کوردان لە کەرکوك توندترین شێوازی بەخۆوە بینی، بەتایبەتی لە ساڵی (1997)دا کە ڕژێم مەبەستی بوو سەرژمێرییەکی فەرمی ئەنجام بدات، کە پەنای بۆ شێوازێکی زۆر نامۆی سیاسەت پاکتاوی نەژادی برد، ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمێکەوە بە سەر خێزانە کوردەکاندا، کە دەبێت سەرۆکی خێزانەکە لە شوێنی فۆرمەکەدا بنووسێت لە سەرژمێرەکانی تردا بە هەڵە ناویان بە کورد تۆمارکراوە، ڕاگەیاندن ئەگەر هەر خێزانێك ئەو فۆرمە بەو جۆرە پڕنەکاتەوە ئەوە لە کەرکوك دەردەکرێت و پێویستە کەرکوك بە جێ بهێڵێت( تاهیر و مەحموود، 2007، ل 174)، جێی باسە دەرکردنی کوردەکان شارەکە و زیادکردنی عەرەب بە ڕادەیەك بە پێی ئامارێکی ئاوارە و ئەنفال لە ساڵی 1995 – 2002دا زیاتر لە 50264 کەس بووە، بەڵام پێش ئەو ماوەیە واتە پێش 1995 نزیکەی 14282 کەس بووە (تاهیر و مەحمود، 2007، ل174) جێی باسە سیاسەتی ڕاگواستن لە کەرکوك هاوشێوەی بە عەرەبکردنی تاوەکو ڕووخانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە عێراق لە ساڵی 2003دا بەردەوامی هەبووە، دەیارە ئەم جۆرەی جینۆسایدی کە کوردستان بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی یەکێك بووە لە هۆکارەکانی دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو مێژوو و ڕاگواستنەی دانیشتوانی کەرکوك بە شێوەیەکی ورد و زانستی بنووسرێتەوە.

### 3- بە بەعسی کردنی کەرکوك:

زاراوەی بەعس ( البعث)بە واتای بوژانەوەی یان زیندووکردنەوە دێت مەبەست لەوەش زیندووکردنەوەی پێگە و کولتووری عەرەبە، چونکە بەعس خۆی بە میراتگری گشت عەرەب دەزانێت و بەردەوامیش لە هەوڵدایە بۆ سەپاندنی ئەو کولتوورە بەسەر بەرامبەردا( ئاغجەلەری، 2015، لل 244-245). هەروە ها حزبی بە عس بەو پییەی حزبیکی عەرەبی بوو بەشیکی ئایدۆلۆژیاکەی لە سەر بنەمای ڕەگەزپە رستی بو عەرەب و بە رژەوەندیەکانی ئەو بونیاد نابوو، بە عس پیش هەر شتیك ئەمنی قەومی عەرەبی لە ستراتیژی خوی دانابوو، هەر لەو پیودانگەوە سیاسەتی بەرامبەر هەر لایەکی دژ بەو ستراتیژییە دادەڕشت و دەکەوتە کار لە پیناویدا(عیسی، 1992،ص207؛ سالح، 2004، ل75. سیاسەتی بە بەعسیکردن لایەنێکی دیکەی سیاسەتە شۆڤێنیەکانی سێکوچکەی بەعسیەکانە بۆ شێواندنی بیری نەتەوایەتی و سرینەوەی هەستی نیشتمانی لە لای ڕۆڵەکانی گەلی کورد، هەرچەندە سیاسەتی بە بەعسیکردن لە ساڵی (1963)وە سەری هەڵداوە، بەڵام پەرەسەندنی بە شێوەیەکی فراوان و توندوتیژ لە پاش نسکۆ شۆڕشی ئەیلولەوە دەستپێکردووە( مستەفا، 2007، لل 255-256) بەم جۆرە دوای نسکۆی 1975 سیاسەتی بە بەعسیکردن بۆ نێوچەکانی باشوری کوردستان بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی، لە لایەن بەعسی عێراقەوە برەوی پێدراو پەرەی سەند، چونکە لەو کاتە بەدواوە حزبی بەعس دەستی کرد بە بەعسیکردنی هەموو فەرمانگە و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و تەنانەت ماڵەکانیش، لەبەرئەوەی پێی وابوو ئەوەی بە بەعسی بوونی قبول بێت ئەوا یەکسەر عەرەب بوونیشی قبوڵە(ئاغجەلەری، 2015، ل 247). بۆیە بە بەعسیکردنی کوردستان بەگشتی و کەرکوك بە تایبەتی لە ماوەیەدا، بە چەندین ڕێگەی جۆراوجۆرکاری بۆ کراوە لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراقەوە لەوانە: بە بەعسیکردن دامودەزگاکانی کەرکوك، بە بەعسیکردن خوێندن و قوتابخانەکانی کەرکوك (ئاغجەلەری، 2023، ل 75).

ئەگەر وردبینەوە لە سیاسەتی بە بەعسیکردنی کەرکوك ئەوە دەبینرێت کە جێبەجێکردنی ئەو هەنگاوانە زۆر بە کاملی لە سیاسەتی بەعسدا ڕەنگی دایەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی زانستی و پسپۆڕی، پۆستە گرنگەکانیان دەدا بە ئەندامانی حیزبی بەعس بۆ ئەمەبەستەش تەنها ئەندامبوون و دڵسۆزی دەربڕین بۆ بەعس بەس بوو، هاوکات لە بەرنامەکانی پەروەردە و خوێندن لە قوتابخانەکاندا بابەتێکی تایبەت کە دەبوایە هەموو خوێندکارێك بە چاکی بزانێت، ئەویش بەناوی "ڕۆشنبیری نەتەوایەتی" بوو کە بەپێی ئەو بەرنامەیە دەسەڵاتدارانی عێراق هەوڵیان دەدا خوێندکاران بە ڕۆحێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی پەروەردە بکەن، حکومەتی بەعس گوشارێکی زۆری خستبووە سەر دانیشتوانی کەرکوك بە تایبەتی هاوڵاتی ناعەرەب دەبێت بەعسی بێت یان ئەگەر بیەوێت کاروبارەکانی کێشەی تێنەکەوێت دەبێت بەعسی بێت(ئاغجەلەری، 2015، لل 247-250).

بۆیە دەکرێت بوترێت بە بەعسیکردن پەیوەندی بە نەخشەی ئەمنی و ئیستراتیجی ڕژێمەوە هەبوو، ئەو ئەمنیەتە ئیستراتیجیەی کە لە ڕوانگەی شۆڤێنیەوە ڕووی کردبووە کەمکردنەوە و دەربەدەرکردن و تواندنەوەی کورد و سڕینەوەی شوێنەواری کوردستانی نەتەوەیی و ناوچەکان و ڕاگوێزان و دەربەدەرکردنی کورد و بە بەعسیکردن و شێواندنی فەرهەنگی بوون، چونکە ڕژێمی بەعسی عێراق هەمیشە پێی وابووە بوونی کورد و مەترسیە لەسەر پاشە ڕۆژی عێراق و نەتەوەی عەرەب، بۆیە ئەوەندەی بۆیان کرابێ بە هەموو شێوازێك کەوتوونەتە وێزەی کورد بە مەبەستی لەناوبردن و تواندنەوەی ( مستەفا، 2007، لل 262-263). سیاسەتی بە بەعسیکردن و سیاسەتەکانی تریش بەو جۆرە دارێژراوە و کاری بۆ کراوە لە پەیڕەو و پرۆگرامی بەعسدا، کە فاکتەرێك بێت بۆ سڕینەوەی هەموو مۆرکێکی دێرینی نەتەوەیی و کوردستانیەتی کەرکوك و دەرەنجامێکیش بێت بۆ شێواندنی هەموو بوارەکانی مێژوو و جوگرافیا و کولتوور و شارستانیەت و شوێنەوار و فۆلکلۆر و تەواوی کایەکانی دیرۆکی دێرینی کەرکوك و شاروشارۆچکەکانی. سیاسەتی بە بەعسیکردنی کەرکوك تاوەکو ساڵانی (1991) و ساڵەکانی دواتریش بەردەوامی هەبووە و ڕژێم هەر بەردەوام بووە لەسەر بە بەعسیکردنی کەرکوك و کایەکانی ژیان لەو شارەدا، بۆیە گومانی تێدا نییە کە ئەم سیاسەتە یەکێکیش بووە لە فاکتەرەکانی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی کەرکوك لە ساڵی (1991)دا (ئاغجەلەری، 2023، ل 75).

سیاسەتی بە بەعسیکردن کەرکوك هاوشێوەی سیاسەتەکانی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن لە دوای ساڵی(1991) وە پێی نایە قۆناغێکی ترسناکتر و توندوتیژترەوە لە لایەن حزبی بەعسەوە، چونکە مەبەستی بوو بەو هەوڵەی هەموو فەرمانبەر و کاربەدەستێکی حکومی و هەموو ڕوویەکی کوردستانی ئەو شارە بە بەعسی بکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی پارتی بەعسی فەرمانڕەواوە ( عەزیز، 2025). لەم ڕووە "سمکۆ بەهرۆز" کە لەو ماوەیەدا خۆی لە کەرکوك بووە دەڵێت"لە ساڵانی 1991 – 2003 و ڕووخانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس، کارەکانی بە بەعسیکردنی کەرکوك تەواوی بوارەکانی ئەو شارەی گرتبووە و بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدارتر لە چاو پێش ڕاپەڕینیشدا، لە سەرجەم دامودەزگا حکومی و قوتابخانە و گەڕەکەکانی شاری کەرکوکیش، شاڵاوێکی توندی بە بەعسیکردن پەیڕەو دەکرا، لە بواری نووسین و دەرکردنی بڵاوکراوە و گۆڤاریشدا، سیاسەتی بە بەعسیکردن بەتەواوی ڕەنگی دابوویەوە، کە دەبوایە هەموو وتار و نووسینێك بە پیاهەڵدانی حزبی بەعس و سەرۆکی ڕژێمدا بێت و نووسین و بابەت و لێکۆڵینەوەکانیش دەبوایە دژ بە نەتەوەی کورد و دیرۆك و کولتووری کورد و شارستانیەتی کورد و شێواندنی مێژووی کورد و مێژووی ئەو شارە بوایە" ( بەهرۆز، 2025). ئەو سیاسەتانە بووە هۆی دەرکەوتنی واقعێکی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و جوگرافی ئەوتۆ، کە گەیشتە پلەی بەتەواوی ئاوەژۆکردنی ڕاستیە مێژوویی و جۆگرافی و دیمۆگرافی و ئەنتۆگرافییەکانی پارێزگاکە لە سایەی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆردا ( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل 3). ئەو سیاسەتە نەژاد پەرستیانەی کە باسیان لێوەکرا و بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە پەیڕەوکرا بەرامبەر بە کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری، قۆناغ بە قۆناغ ڕوو لە هەڵکشان بووە لە سەردەمی دەسەڵات وەرگرتنی بەعسیەکاندا زیاتر پەرەی سەندوو و پەرەی پێدراوە، هاوکات بە بەرپابوونی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و ئازادکردنی کەرکوك و دواتر دەست بەسەرداگرتنەوەی لە لایەن حکومەتی بەعسەوە، ئەو سیاسەتە شۆڤێنیانەی بەعسی گەیشتە ترۆپك، دواتریش لە ساڵانی 1991 و تاوەکو ساڵی 2003 و ڕوخانی دەسەڵاتی بەعس ئەو سیاسەتە بەردەوامی هەبووە، ئەو حکومەتە بەردەوام بووە لە تێکدانی واقیعی نەتەوەیی شاری کەرکوك دەکرێت، لەم سۆنگەیەوە و لە بەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتانە تیشکبخەینە سەر ئەو کاریگەریانەی کە لە دەرەنجامی ئەو سیاسەتانەوە هاتوونەتە ئاراوە و پێکەوە پەیوەستن، و زەمینەیان سازان بۆ فاکتەری مێژووی لە دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك لە ساڵی 1991دا.

لەم ڕووەوە باوەڕ وایە، کە یەکێك لە مەبەستەکانی دەرکردنی ئەو گۆڤارە، ئەوەیە گوزارشت بکات لە ڕووی ڕاستەقینەی مێژووی کەرکوك و ڕاستکردنەوەی شێواندنی مێژووی کەرکوك، کە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە شێوێندراوە بە مەبەستی ونکردنی مێژووی ئەو شارە و ناوچە ئیستراتیجیەکانی تری کوردستان کە لە ژێر دەستی ئەو ڕژێمەدابوون( بەهرۆز، 2025). وە یاخود مەبەست لە دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك سەلماندنی ڕاستی نەتەوەیی کەرکوکە، بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ئەو مێژوویەیە کە پارتی بەعس سەبارەت بە کورد نووسیبووی کە گوایە میللەتێکی دواکەوتوو دژە ئاوەدانیە و حەز بە شەڕ ە ئاژاوە و تێکدانی وڵات و دژی ژیانی هاوچەرخە، بۆیە ئەو گۆڤارە دەکرێت هەوڵێك بێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو چەواشەکاریە.( عەزیز و باوەڕ، 2025). بەو مەبەستەی گۆڤاری کەرکوک کە لە سلێمانی دەردەچوو لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1999 ی باشووری کوردستان، بتوانێت لەو کەشوهەوا بێسانسۆرەدا ئەو باگراوەندە مێژووییە ناڕاستەی بسڕێتەوە کە لە بوارەکانی پەروەردە و خوێندن و جوگرافیا مێژوو و شارستانیەتی کورد وکەرکوکەوە بە ڕۆحیەتێکی بەعسیانەو عەرەبیەوە لای تاکی کورد بونیادنرابوو (عەزیز، 2025)، واتە ئەم گۆڤارە لە ڕێگە بابەتەکانیەوە بتوانێت ئەو مێژووە دووبارە بنوسرێتەوە یان ئەو مێژووە بخاتە سەر بنەمای ڕاستی و

دروستی خۆی و، ئامرازێك بێت بۆ وشیارکردنەوەی تاکی کورد لەوەی کە خەڵکی کەرکوك و ئەو ناوچانە چ پێش ڕاپەڕینی 1991 و چ دوای ئەو ڕاپەڕینەیە بە توندترین شێوە لە زێدی ڕەسەنی خۆیان ڕاگویزراون ( بەهرۆز، 2025).

**دووەم: فاکتەری سیاسی:**

ئەم بوارەش وەکو یەکێکی تر لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکان لە بۆ زەمینەسازاندنی و هاتنەئارای گۆڤاری کەرکوك وەکو فاکتەرێکی سیاسی زادەی بارودۆخی نالەبار و ناهەمواری دیمۆگرافی و ئیتنکی کەرکووکن، کە بەهۆی پرۆسەیەکی پاکتاوی نەژادیەوە بوو کە بەر ئەم شارە کەوتن و بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتگەلێکی وەك ( بە عەرەبکردن ، ڕاگواستن، بە بەعسیکردن)بوو، ئەو سیاسەتانە لە کەرکوکدا پێشینەیەکی مێژوویان هەیە وەکو ئاماژەمان پێدا. بەڵام کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی(1991)یشەوە لەم شارەدا بەردەوام بوون کاریگەریەکی ڕاستەوخۆیان هەبوو، بۆیە پرۆسەیەکی چڕوپڕتری لە پاکتاوی نەژادی و سیاسەتی دەربەردەرکردنی کوردانی کەرکوکی بە دوای خۆیدا هێنا. هاوکات بارودۆخی ئەو کاتەی کەرکوك لە دوای ڕاپەڕینی (1991) وە واتە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیست، ئەو ئاڵۆزی و پشێوی و نادادی و زوڵم و زۆرەی کە هەبوو لە کەرکوك، هەر لە سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و ڕاگواستن و بە عەرەب کردن و بە بەعسیکردن و ڕاوەدوونانی کورد لە کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری ( عەزیز، 2025) لەو سیاسەتی پاکتاوکردنەی، کە ئەو کات لە ئارادابوو و ڕۆژانە لە کەرکوك پەیڕەو دەکرا. بۆ وێنە لە ناوچەی کەرکوك و بە تایبەتی لە ناو شاری کەرکوك، کوردەکان دەخرانە بەردەم دوو ڕێگا: یەکەم ، یان دەبێ بەرەو خوارووی عێراق کۆچ بکەن و دەتوانن کەلەوپەل و کەرەستەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن. دووەم، گەر نەچن بۆ خوارووی عێراق، ئەوا ناچار دەکرێت بەرەو ناوچە کوردیە ئازادەکانی کوردستان کۆچ بکەن. بەڵام لەم حاڵەتەدا هیچ کەلوپەلێك و هۆیەکی ژیانکردن ناتوانن لەگەڵ خۆیان ببەن، بەم چەشنەش لە نێو چادرگەی پەنابەراندا خۆیان دەدۆزیەوە ( شۆڕش، 2003، ل23). بەمەش ڕێژەیەکی زۆری ئاوارەکان لە کەمپەکانی هەولێر و سلێمانی و بازیان و بەردەقارەمان و چەندین شوێن تریش هەبوون، تەنانەت شۆڕبوو بوونەوە بۆ ناوچەکانی دەربەندیخان و کەلار و کفری و حەوزی چەمچەماڵیش ( عەزیز، 2025)کەچی ژمارەی کوردە پەنابەرەکانی شارەکانی کوردستان، ئەوانەی لە کەمپی پەناپەراندا دەژیان نزیکەی سەد هەزار کەس دەبوون، هەروەها ژمارەی ئەو کوردانەی کە بۆ خوارووی عێراق کۆچیان دەکرد ئەگە لەم ژمارەیە زیاتر نەبووبێت کەمترنەبوون ( فەرەج، 2025)، "بەم چەشنە کەرکوك ئەو ڕۆژگارە لە بەردەم ڕاگواستنێکی گەورەدا بوو، لە بەردەم سڕینەوەدا بوو، لە بەردەم لێسەندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردێتیدا بوو، ئەمەش پیادەکردنی تاوانێکی نامرۆڤانەی حزبی بەعس بوو، کە درێژە پێدەری ڕەفتار و سیاسەتی (85) ساڵەی ڕژێمەیەك لە دوای یەکەکانی عێراق بوو، دژ بە خەڵکی خەبات گێڕو ناسنامەی ڕەسەنی کەرکوکی کوردستانی، تەنها لە بەرئەوەی کوردن"( دارتاش، 2006، ل 55).

"شۆڤێنییەکان بە زۆری زۆرداری دیانەویست کەرکوك کە شارێکی دێرینەی کوردستان لە خەڵکی کوردستان زەوت بکەن و بە زۆری زۆرداری بەعەرەبیی بکەن، چونکە دەیانزانی کەرکوك نەك هەر شارێکی دێرینی کوردستانە، بگرە ناوەڕۆك و جەوهەرێی مەسەلەی ڕزگاری کوردستان عێراقیشە، بەبێ ڕزگارکردنی کەرکوك، کوردستانیش ڕزگار نابێت" (مام جەلال، 1999، ل 5)بۆیە بۆ ڕووماڵکردنی ئەو بارودۆخەی کەرکوك ئەو سیاسەتە نەژادپەرستییە، بۆ دەربڕین و ئاراستەکردنی و پیشاندانی بە جیهان و ڕاکێشان هەست و سۆزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پرسی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکان تریش( عەزیز، 2025) بۆیە دەبوایە ئەم وێنەیە ئەم ستەمکاریە یاخود ئەم ئازارە بگات بە دونیای دەرەوە، لەهەمان کاتدا بۆ ئەرشیفکردنی ئەو وێنەیە بۆ تۆمارکردنی سیاسەت و پرۆسەی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و سڕینەوە و پاکتاوکردنی نەژادی و لێسەندنەوەی ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی، دەبوایە شوێنێك هەبێت ئەمانە بە دۆکیۆمێنت بکات و دونیای لێ ئاگاداربکاتەوە (فەرەج، 2025).

یەکێك لەو هەنگاوانە لەو کاتەدا کە زۆربەی چینوتوێژەکانی کەرکوك و سیاسەتمەدار و کەسانی ئەکادیمی و پسپۆڕی ئەو بوارە بیریان لێکردەوە دەرکردنی " گۆڤاری کەرکوك" بوو( بەهرۆز و عەبدوڵا، 2025). لە نیویانیشدا"جەلال جەوهەر" و "شێخ موحەمەد شاکەلی" ئەو کات کە ئەو زوڵم زۆر و ئەو بە زۆر ڕاوەدوونان و دەرکردن و ڕاگواستنەی دانیشتوانی کەرکوکیان بینی و ئەو شەپۆلە بەرفراوانەی ئاوارەکانیان بینی و ئەو دۆخە سەخت و دژوارەی ئاوارەکانیان لە نیو چادرگە و کەمپەکاندا بینی، بیریان لەوە کردەوە کە گۆڤارێك دەربکرێت بە مەبەستی گرنگی دان بە دۆخی کەرکوك و کەرکوکیەکان و گەیاندنی دەنگی کەرکوکیەکان بە دونیای دەرەوە( کاکەیی، 2025). بۆیە لە ڕاستیدا دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك، ئەو سەکۆیە بوو یاخود جێگەیە بوو کە چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرا کە بیکات لە پیشاندانی ڕووی ڕاستی حکومەتی شۆڤێنی بەعس و گەیاندنی سیاسەتە شۆڤینیەکان بەرامبەر بە خەڵکی دەڤەری کەرکوك و دەروبەری و چەوساندنەوەی ئەو خەڵکە ( عەبدوڵا، 2025)، لەو کاتەدا بیرکرایەوە کە ئەو گۆڤارە دەربکرێت ( عەزیز، 2025)، بەتایبەت لەو کاتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەلومەرجێکی ئازادی باشدا بوو، لەو بارودۆخە نوێیەدا دەرفەت زیاتر ڕەخساو بۆ بڵاوکردنەوە و دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی و بوونی چاپخانەی گونجاو فەراهەم بوونی، هاوکات بوونی کارگێڕیەکی باش لە هەموو ئاستەکانی (ی.ن.ك)دا و لە ناویشیاندا سەرکردایەتی و کەسانی یەکەم و دەسەڵاتداری ناو ئەو حزبە ( محێدین، 2025). تاوەکو بتوانرێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەکان ئەو گۆڤارەوە کۆی کێشەکانی کەرکوك و ئەو سیاسەتانەی ڕژێم و کێشەی ئاوارەکان و، پرسی نەتەوەیی و کوردێتی کەرکوك لە ئاستێکی نێوخۆییەوە بخرێتە ئاستێکی نێودەوڵەتیەوە ( عەزیز، 2025).

ئەمە و بە مەبەستی تۆمارکردن و ناونووسکردنی ئەو خەڵکای کە لە کەرکوك و ناوچەکانی دیکەی بن دەستی ئەو ڕژێمەوە دەردەکران و ئاوارە دەبوون، دواتر بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارەکەدا و ئەرشیفکردنی، ئەمەش بۆ خۆی دەبوو بە بەڵگە و دۆکیۆمێنتێك و دەپارێزراو و دواتر

پیشانی ڕای گشتی دەدرا، هەر وەکو لە بەشێك لە ژمارەکان گۆڤاری کەرکوکدا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت( باوەڕ، 2025). بۆیە دەکرێت بوترێت کە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتانە و بەرجەستەکردنی ئەو واقیعە تاڵە لە کەرکوك و دەوروبەری و ناوچە کوردستانیەکانی دیکەدا، فاکتەرێکی سەرەکی بووە بۆ دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك، هاودەم پێویستیەکی هەنووکەیش بووە لە دەرچوونی ئەو گۆڤارە کە بتوانێت گوزارشت لە خەم و ئازار و مەینەتیەکانی ئەوگەلە بکات.

بەم چەشنە باوەڕ وابووە، کە دەرکردنی گۆڤارەکە هاندەرێك دەبێت بۆ بەزیندوو هێشتنەوەی دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی بە گشتی و کەرکوك بە تایبەتی، ئەمەش ئەیسەلمێنێت کە کەرکوك کوردستانیە و لە ڕاستی مێژوویی و واقیعی سەردەم و بیروباوەڕی کوردستانیاندا، هەر بەو جۆرەش بوو، چونکە گۆڤارەکە لەم بوارەدا هەوڵی جددی دا کە خزمەت بەو ئامانجە بنچینەییە بکات ( محێدین، 2025). بەو مەبەستەش کە گۆڤارەکە ئامرازێك بێت بۆ تەرکیز خستنەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی و کۆکردنەوەی بابەت و بەڵگەنامەکانی تایبەت لەسەر و پرسی ئەنفال و ئەنجامدانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری قوربانیانی ئەو تاوانە و کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لەو کەسانەوە وەردەگیرا کە لە پرۆسەکانی ئەنفال دەربازیان بوو بوو گەڕابوونەوە، هاوکات هەوڵدان بۆ بەدۆکیۆمێنتکردنی ئەو بەڵگەنامە و زانیاریانە( باوەڕ، 2025) هاندەر و دەرفەتێکیش بێت بۆ کۆکردنەوەی دەستنووس و نەخشەی جوگرافی و ئاماری بوارە جیاوازەکانی تایبەت بە کەرکوك و دەرفەتێکیش بێت بۆ هەوڵی کۆکردنەوەی چی زیاتری دۆکیۆمێتی مێژووییە، کە یارمەتیدەر بێت بۆ بەکارهێنانی لە کاتی پێویستدا بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان ( محێدین، 2025)، هاوکات دەبوو ئەم گۆڤارە زووتر دەربکرایە بۆ بەبەڵگە نامەکردن ئەرشیفکردنی ئەو پێشێلکارییە بەربڵاوانەی  کە لە نێوان ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تا ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ لە کەرکووک و دەوروبەری ئەنجامدراون  لە سووتاندنی گوندەکان وتیرۆرکردنی دانیشتووان و تاڵانکردنی موڵک و ماڵییان، لەسەر بنەمای لێدوان و شایەتحاڵی مەیدانی دەربازبووانی کارەساتەکە( عەزیز، 2025)ئەکتیڤ و کاریگەر بکرێت لە ڕووماڵکردنی دیمەنە سیاسیەکان و تاوەکو ڕادەیەکی زۆریش بەشداری بکات لە پێکهێنانی وشیاری جەماوەری کورد و کەرکوك بەرامبەر بە سیاسەتە نەرێنەکانی حکومەتی ناوەندی عێراق و ئەو فشارانەی کە لە سەر خەڵکی دەڤەری کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکان بن دەستی ڕژێمی عێراق ئەنجام دەدا( ئەحمەد، 2025).

هاوکات لەگەڵ ئەوەدا ڕۆڵێکی گرنگی دەبینی لە جوانکردنی وێنەی کورد و گەلی کورد لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دامودەزگا مرۆیی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و جیهان، بەوەی کە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە، ئەوپەڕی زوڵمان لێدەکرێت، لە هەمان کاتیشدا دەیتوانی بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەریان لەسەر دروست بکات، ئەمەش لە ڕێی چەندێتی و چۆنێتی بابەت و بەڵگەنامە و بڵاوکراوە ئاڕاستەکراوەکانی نێو ئەو گۆڤارە ( زەنگەنە، 2025). هاوکات هەندێکی تر پێیان وایە فاکتەری سیاسی بۆ دەرچوونی گۆڤارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە پرسی کەرکوك پرسێکی ئێجگار گرنگ و گەورە بوو، بەو مەبەستەی کە ئەو پرسە هەر بە گەرمی بهێڵنەوە لە دید و تێڕوانینی وڵاتانی جیهاندا و بەو مەبەستەی لەو ڕێگەوە بتوانن کەرکوك و ناوچەکانی تر بگەڕێننەوە سەر هەرێمی کوردستان، چونکە هەرێمی کوردستان بەبێ کەرکوك فۆرمی کامڵی خۆی وەرناگرێت ( عەبدوڵا، 2025).

دەکرێت بوترێت بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و بەعساندنی کەرکوك، شێوازێکی بوو لە شێوازەکانی جینۆسایدی (کولتووری – نەتەوەیی)، وەك قەدەغەکردنی زمان و شێواندنی مێژوو و جوگرافیا و دیمۆگرافیا و تێکدانی کایەی کۆمەڵایەتی و لەناوبردنی تایبەتمەندی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان هاوڵاتیانی کەرکوك، بۆیە ئەم سێ کوچکەیەی سیاسەت بەعس. هاوکات سەرکوتکردنی دەنگە ئازادەکان و ڕای گشتی و سانسۆری سەر بڵاوکردنەوەکان، سەرەڕای ئەوەی فاکتەری سەرەکی بوون لە دروست بوونی چەندین نارەزایەتی خەڵك و چینوتوێژە جیاوازەکانی کەرکوك و ڕاپەڕین لە کەرکوك، بە تایبەتی ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ( ئاغجەلەری، 2023، ل199)، ئەوا ئێمە سەرجەمی ئەو ڕووداوانە بە فاکتەرێکی سەرەکی دەزانین بۆ خوڵقاندنی تەواوی فاکتەرەکانی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك.

## تەوەری دووەم/فاکتەری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی

### یەکەم: فاکتەری ڕۆشنبیری

بۆیە بۆ میللەتی کورد قۆناغی دوای ڕاپەڕین بە قوناغێکی ئاڵتۆنی ناوزەند دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی پێش ڕاپەڕینی چەندین گۆڤار و بڵاوکراوە لە لایەن پارتە کوردیەکانی باشووری کوردستانەوە دەرکراوە، بەڵام لە قۆناغی ئاڵتونیدا ئەو مافە درا بە کەسایەتی و دامەزراوە تایبەتەکان، کە بتوانن خاوەندارێتی دەرچوواندنی گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکان بگرنە دەست، هەر بۆیە زیادەڕۆی نییە گەر بوترێت قۆناغی ساڵانی(1991) بەرەو سەرەوە قۆناغێکی ئاڵتونیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ( ڕەسول، 2016، ص150). بۆیە پاش ڕاپەڕینی ساڵی 1991 و ئازادکردنی ناوچەکانی (سلێمانی، هەولێر، گەرمیان، دهۆك)، بەڵام ئەوکات کەرکوك هەر لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعسدا بوو، بۆیە ئەو خەڵکە ڕۆشنبیرانەی کە لە ناوچەکانی کەرکوك و دوزخورماتووەوە پەنایان هێنا بۆ ئەو ناوچە ئازادکراوانە، پێیان خۆش بوو کە دامەزراوەیەکی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیان هەبێت و هەموو لە ژێر چەتری خویدا کۆبکاتەوە ( شاکەلی، 2024)، ئەویش دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك بوو دواتر بیریان لەوە کردەوە کە ئۆرگانێك یان زمانحاڵێك هەبێت، کە بتوانن تێیدا بە ئازادانە گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی خۆیان بکەن و بابەت و توێژینەوەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە ( عەزیز، 2025). لەم ڕووە " عەبدڵلا مەحمود زەنگەنە" دەڵێت"هۆکاری سەرەکی لە دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك لە پلەی یەکەمدا تێنوویێتی کوردانی کەرکوك بوو بە تایبەتی ڕۆشنبیرانی کەرکوك، بۆ بەشداری لە ڕەوتی مەعریفی شارەکە، کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە ڕێگری کراوە لە هەر شتێك پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت، بەتایبەتی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، کە تاکە ڕێگا بۆ بەشداریکردنی نووسەران هەندێك گۆڤار و بڵاوکراوە بوون لە بەغدا دەردەکران و نەیاندەتوانی ئەو تینوێتیە

بشكێنێ، بۆیە بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك بڕیارێکی گونجاوبوو بۆ نووسەران و ڕۆژنامەنووسان تا بتوانن ئەو بۆشاییە مەعریفیە پڕبکەنەوە"( زەنگەنە، 2025). هەندێکی تر پێیان وایە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی لە بارەی کەرکوکەوە، چ بۆ خوێنەری کورد یان خوێنەری گەل و نەتەوە و ئاینەکانی تر لە بارەی ڕاستی و دروستی دۆزی کورد و کەرکوکەوە ( محێدین، 2025). کەواتە دەکرێت بوترێت کۆمەڵەکە بوو بە سەکۆیەك بۆ کۆکردنەوەی کەرکوکیەکان و ئەو کەسانەی کەرکوکین، و گۆڤارەکەش بوو بە مینبەرێك کە ڕووناکبیرەکان لە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە و بابەتی تێدا بڵاوبکەنەوە ( فەرەج، 2025) بەو مەبەستەی ئەو گۆڤارە ببێتە بەشێك لە فەرهەنگ و شارستانیەتی نەتەوەیی بۆ کورد و کەرکوکیەکان ( کاکەیی، 2025) ئامرازێکیش بێت بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی و سڕینەوەی ئاسەوارەکانی بە عەرەبکردن و ڕۆڵێکی بەرچاویش بگێڕێت لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و ڕۆشنبیرکردنی تاکی کورد و ناوچە کوردستانیەکانی بن دەستی ڕژێمە( باوەڕ، 2025)، وە یەکخستنی توانا و هەوڵەکانی خوێندەوار و ڕۆشنبیران و نیشتمانپەروەرانی کورد لە بەرامبەر سیاسەتی جینۆسایدی کولتووری وەك ئەرکی سەر شانیان کە بێ دەنگ نەبن وەك ڕووناکبیرێکی بە هەڵوێست و هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە سیاسەتە دزێوەکانی ڕژێمی عێراق و گرنگیدان بە خوێندنەوە و نووسین بە زمانی نەتەوەیی کوردی( فەرەج، 2025).

دوای ڕاپەڕینی (1991) لە باشووری کوردستان، کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری و ناوچەکانی کوردستانیەکانی تر هەر لە بن دەستی حکومەتی عێراقدا مانەوە، بۆیە سیستمی خوێندن و ڕۆشنبیریش لە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئەو حکومەتەدا بوو، تاکە گۆڤار و بڵاوکراوە هەر ئەوا نەبوون کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو و لە چوار چێوەی سیاسەتی ئەودابوون ( بەهرۆز، 2025).

بەڵکو بتوانن لە ناوچە ئازادەکان گۆڤارێك یاخود بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەخۆیان و دەڤەری کەرکوك دەربکەن و لە ڕێگەیەوە بەرهەڵستی سیاسەتە شۆڤێنەکانی ڕژێمی عێراق بکەن، کە بەرامبەر بە خەڵکی ئەو ناوچانە دەکرێت و بتوانن گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی ئازادی خۆیان بکەن ( بەهرۆز، 2025). ئەمەش دەبوو لە ڕێگەی کەناڵێکی گرنگ و کاریگەرەوە بکرایە و بڵاوبکرایەتەوە، ئەویش دەرکردنی گۆڤارێك یان بڵاوکراوەیەك بوو، کە لەو قۆناغەدا پێویستیەکی هەنووکەیی و کە دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە لەو قۆناغەدا لە گەشەکردندابوو، ئەمەش پاڵنەر و فاکتەرێکی گرنگی بوو لە زیاتر بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی چ بۆ باشووری کوردستان بە گشتی و بۆ کەرکوك و ناوچە کوردستانیە ئازادنەکراوەکانی تر بەتایبەتی( زەنگەنە، 2025) بە دیوێکی تریشدا هەر لەو ماوەیەدا واتە ساڵانی نێوان 1991 – 1999دا کۆمەڵێك گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لە دونیادا هاتبوونە ئاراوە، وەك کاریگەریەکانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ئەوروپی و گۆڤارە جیهانی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەم کاریگەری خۆیان نەخشاندبوو لە سەر ڕەوت و بزاڤی ڕۆژنامەگەریی لە دونیادا، ئەمەش بۆ خۆی وای دەکرد کە کورد و بە گشتی و خەڵکی ناوچە کوردیە ئازادنەکراوەکان کاریگەر بن بەو ڕەوتە ڕووناکبیری و مەعریفیە گرنگە و پاڵنەر بوو لە پەیدابوونی ئەو گۆڤارە و بوارەکانی تری ڕۆژنامەگەریی یان ڕاستر بڵێین بەهۆی ئەو سیستمە جیهانییە نوێیەی هاوکات بوو لەگەڵ سەردەمەکە، ئەویش تەوژم و شەپۆلی بە جیهانبوون بوون، کە قۆناغێکی نوێی هێنایە کایەوە، هەر لەم سۆنگەیەشەوە دەرکردنی گۆڤارێك، پێویستیەکی ئەو قۆناغە بوو وەکو کەناڵێکی گەیاندنی پەیامەکانی وشیاری و نەتەوایەتی و بەرزکردنەوەی ڕووناکبیری گشتی و تێپەڕاندنی قۆناغێ قۆرغکاری و سانسۆری سەر ڕووناکبیری و ئازادیە گشتییەکان و پەیڕەوکردنی مافەکانی ڕوناکبیران و ئەدیبان و نووسەران لە هەبوونی ئازادی نووسین و بڵاوکردنەوە، لە سەر بنەمای ئەو واقیعەی کە بارودۆخ و سەردەمەکە گۆڕانی بەسەرداهاتبوو، گۆڤارێك یان ئۆرگانێك هەبێت کە گرنگی زیاتر بدات بە بواری کولتووری و بەشدارییێکردنی کەسانی ئەکادیمی و نووسەر و ڕووناکبیرە کەرکوکیەکان لەو گۆڤارەدا و لە کایەی ڕۆشنبیرییەکاندا.

**دووەم: فاکتەری کۆمەڵایەتی:**

جێی باسە ژیانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك دەکەوێتە ژێر کاریگەری قۆناغی ژیواری و مێژوویی و پێشکەوتنی لە هەردوو بواری ماددی و مەعنەویدا ( الحسن، 1999، ص 91)، ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی هاندانی عەرەبی هاوردەوە ژیانی ئاسایی شارەکەی شێواند بوو و کاریگەری دروستکردبوو لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی کەرکوك بەهەناردنی خەڵك بۆ ئۆردگا زۆرەملێیەکان کە بۆ دانیشتوانە کوردەکانی شاری کەرکوك و دەوروبەری دروستکرابوون بەو مەبەستەی لە کەرکوك وەدەریان بنێت، هەروەها بڕینی سەرچاوەی ژیان و کارکردنی تاکی کورد و بەرزکردنەوەی ژیانی عەرەبی هاوردە، تەنانەت هەوڵیدەدا ئاستی کەسایەتی تاکی کورد دابەزاندنێت ئەمەش بۆخۆی دابەزینی ئاستی ژیانی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوتۆتەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە. (ئاغجەلەری، 2003، ل 54-58) ئەمەش وایکرد بوو کە کاریگەریەکان بگاتە ئەو ڕادەیەی کە خەریکبوو هەندێ دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەدەست بدەن و زۆرێك لە پایەی بنچینەیی کۆمەڵایەتیان دابەزێت و ئەو کەسایەتیەی جارانیان نەمێنێت کە هەیبان بوو( محەمەد، 2003، ل74)، ئەمەش ڕەوشێکی ترسناکی لای دانیشتوان ئەو شارە دروست کردبوو، ئەمە وێڕای ئەو سیاسەتە تازەیەی پاکتاوی نەژادی بە ناوی (ڕاستکردنەوەی نەتەوە - تصحيح القومية). کە ئەمەش لەسەرەتاوە تورکمان و ئاشوری و کوردی کاکەیی و ئێزدی دەگرتەوە، بەڵام دواجار بەرۆکی هەموو کوردەکانی شارەکەی گرتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش یان دەبوایە کۆچیان بکردایە یان ملکەچی ئەو فەرمانانەی ڕژێمی بەعس بن ( عەبدوڵا، 2001، ل122) ئەمە جگە لەوەش ڕژێمی بەعس لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی و گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی، کە سیاسەتێکە دژ بە نەتەوەیەك یان کۆمەڵێکی مرۆیی بەکاری هێناوە، هەمیشە ڕەوشی دەروونی تاکی گۆڕیوە و کردوویەتی بە مرۆڤێکی کۆیلە و ملکەچ لە ڕێگەی ئەو ڕێوشوێنانەی کە گرتوویەتی بەر بۆ ئەم پرۆسەیە ( سوەیلی، 2003، ل48). لە لایەکی ترشەوە ڕژێم هەوڵی داوە مێشکی تاکەکانی لە زۆر ڕووەوە بشواتەوە، زاراوەی مێشك شتنەوە ئەو کاتە بەکاردێت. کە کۆمەڵایەتی بوون سەر لە نوێ حاڵەتێکی قوڵ و زیادە ڕەوانەی هەبێت، مەبەستی ڕژێم لەم پێگەیاندنە دروستکردنی مرۆڤی خاوەن کەسایەتی ڕووخاو و ترسنۆك و ملکەچ و قسەکەری لە پاشە ملە و بێئومێدبوو بووە و، کاریگەری ڕژێمی بەعس بە ئاشکرا

دەردەکەوێت کە هەمیشە ڕەوشێکی دەروونی خراپی بۆ تاکی کوردی ملکەچی ئەو سیاسەتە بە گشتی لە کەرکوك بە تایبەتی دروست کردبوو ( تاهر و مەحمود، 2007، ل19، موحسنی، 2002، ل139)، و فراوانکردنی ڕادەی قسەکردن بە زمانی عەرەبی لە گفتوگۆی ژیانی ڕۆژانەدا و لە کڕین و فرۆشتندا، لە کاتێکدا لە پێش ئەو پرۆسەیە تەنها زمانی کوردی و زمانی تورکمانی بەکاردەهێنرا، لەگەڵ ئارەزووی تاکەکان بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقا و گۆرانی عەرەبی و ڕەواجی پەیداکردنی مۆسیقا و کلتووری عەرەبی لەو شارەدا ( شەریف، 2005، لل201-202) ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو سیاسەتە کاریگەری خراپی کردەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە سەر ئاستی خزمایەتی و دوورکەوتنەوەی خەڵك لە خزم و کەس و کاریان و خراپی باری ژیانیان، کە ئەمەش کاریگەری هەبوو لە کەمبوونەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ بەرامبەرەکانیاندا( محەمەد، 2003، ل 112)

ڕژێمی بەعس هەر بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵکو هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی خۆی خستبووەگەڕ بۆ دروستکردنی کێشە و گرفت و ئاژاوە لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کەرکوك و هەمیشە هەوڵی داوە تۆوی دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوانیاندا بچێنێت، و سیمای پێکەوە ژیانی و ئاشتی ژینگەی کۆمەڵایەتی لەو شارەدا زیندە بەچاڵ و ژهراوی بکات ( قادر، 2019، 273) هەر بۆیە لەم ڕووەوە هەنگاو نرا بۆ دەرکردنی گۆڤارێك بە نێوی گۆڤاری کەرکوك، بەو هیوایەی فاکتەرێك بێت یاخود ئامرازێك بێت بە مەبەستی بەشداریکردن لە زەمینەسازی گونجاو بۆ ڕێکخستنەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان و کۆشش کردن بۆ زیندوو کردنەوەی باری کەسایەتی تاکی کوردی و کەسایەتیە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان، هاوکات لە پێناو بەرزکردنەوەی ورە و جۆشاندنەوەی گیانی خۆڕاگری و بەرخۆدان و سەردانەواندن بۆ سیاسەتە نەژادپەرستیەکان ڕژێم بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوك ( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل 5)، هاوکات لە پێناوی سڕینەوەی شوێنەواری نەرێنی ئەو سیاسەتانە و بڵاوکردنەوەی گیانی خۆشەویستی و برایەتی و تەبایی لە نێوان دانیشتوانی شارەکە و پێکەوە ژیان لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکان (ئەحمەد، 2025).

لەم ڕووەوە "سمکۆ بەهرۆز" دەڵێت دیارە بۆ سڕینەوەی کاریگەرییە نەرێنیەکانی پرۆسەی ( بەعەرەبکردن و ڕاگواستن و بە بەعسیکردن) پێویستمان بە ئۆرگانێك یاخود ڕێکخراوێك هەبوو کە تێکچوونی شیرازەی خێزان و کۆمەڵایەتی لەو شارەدا چاك بکاتەوە و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان یەکبخاتەوە و شیرازەی کۆمەڵگەش لە لێکترازان و تێکچوون بپارێزێت، بۆیە دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك زۆر گرنگ بوو لەم بوارەدا، چونکە هەوڵی دا هەر تاکێك چ کورد بێت یان تورکمان یان عەرەب، کە لەو گۆڤارەدا نووسیویەتی یاخود لەو شارەدا ژیاوە وەکو خۆی بنووسرێتەوە ( بەهرۆز، 2025)، لەم ڕووەشەوە"جەلال جەوهەر"دەڵێت "ئەو کاتەی کە سەرەتای دەرکردن و هاتنی ئاوارەکانی کەرکوك بوو بەرەو سلێمانی و هەولێر، بینیم کە خەڵکانێك تانە و تەشەرە دەگرنە ئاوارەکان و قسەی نەشیاویان پێدەوتن هەر ئەو کاتە بابەتێکم بڵاوکردەوە و تیایدا جەختم کردەوە لەسەر ئەوەی، کە ئەوانە خۆ لەسەر شتی شەخسی و کۆمەڵایەتی خۆیان وەردەنەنراون، بەڵکو لەسەر پرسی نەتەوەیی و جیاوازی ڕەگەز و زمان دەرکراون، هەموو تاوانێکیان ئەوەیە کە تەنها کوردن، بۆیە دوای هەستم کرد، کە پێویستیان بە ئۆرگانێکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانانەی ڕژێم دەیکات بەرامبەر بەو ئاوارانە" ( عەزیز، 2025).

## تەوەری سێ یەم: کورتەیەك دەربارەی مێژووی دەرچوونی گۆڤاری کەرکوك

هەندێك لە سەرچاوەکان ڕێکەوتی ئەو دوو ماوەیەیان کردووە بەوەی کە ڕاگەیاندن و دامەزراوە و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان کە لە کوردستان بوون لە پێش ڕاپەڕینی 1991دا ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حکومەتی ناوەند بوون، بەڵام ڕاگەیاندن و دامەزراوە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکان کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەدا بوون سەرەڕای کەمی توانای ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنیکی، بەڵام گوزارشتیان لە داواکاریەکانی جەماوەری کوردی دەکرد( ئەبوبەکر، 2002، ل62؛ ئەحمەد، 2011، ل 77). جا هەموو ئەمانە پاڵنەرێکی بەهێزبوون بۆ ئەوەی کۆمەڵێك ڕووناکبیر و نووسەر و کەسایەتی دڵسۆزی کەرکوك، ئەوانەی کە لە سلێمانی بوون بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەوانەی کەرکوك کۆمەڵەیەکی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی دابمەزرێنن، وەك دیاردەیەکی شارستانی و دیموکراسی لە پێناو داکۆکیکردن لە مافە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و گەشەپێدانیان، بە مەبەستی خزمەتکردنی خەڵکی پارێزگاکە و ڕەتکردنەوەی هەموو سیاسەتە شۆڤینەکانی ڕژێم دەرهەق بە پارێزگاکە و بەدەستهێنانی پاڵپشتی ناوەندە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بۆ کێشەکانیان و کەمکردنەوەی مەینەتیەکانیان ( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل3؛ عەزیز، 2025؛ شاکەلی 202؛ بەهرۆز، 2025) لەم سۆنگەیەوە نووسەران و ڕوناکبیران پێیان وایە کە دامەزراندنی"کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك" سەرەتا لە نێو کاروباری کۆمەڵایەتی (ی.ن.ك)وە دەستپێکردووە وەکو بیرۆکەیەك ( باوەڕ، 2025)کە ئەوکات "شێخ موحەمەدی شاکەلی " لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەڵایەتی (ی.ن.ك)بوو ( ئەژی، 2023، ل535) واتە بیرۆکەکە سەرەتا لەوانەوە سەری هەڵدا، دواتر بیرۆکەکە فراوانبووە و خەڵکانی تریش بەشداربوون وەکو " جەلال جەوهەر، مستەفا عەسەکەری، ئیحسان نەجم، ئارام عومەر محێدین، ئاری بابان، حسێن میسری، فائزە فؤاد مستی"جەبار عەبدوڵلا(جەباری ئاسۆ)، حەمە ئەمین چەمچەماڵی، عەبدولخالق زەنگەنە، ، عوسمانی حاجی محمود، دکتۆرعصام نامق، گەلاوێژ جەباری، سیروان کوێخا نەجم، ڕەفعەت عەبدوڵلا، عارف قوربانی، مەلا شاخی ، لەتیف فاتیح فەرەج، زاهیر شوکر، فائق خورشید، ئەحمەد عەزیز، عەلی زەنگەنە، ستران عەبدوڵلا، موحەمەد موکری، حەسەن گەرمیانی، کەژاڵ ئەحمەد، لە کەلاریش هەر یەك لە: ئەحمەد باوەڕ، عێزەددین حەمە ئەمین حارس، ئەحمەد شاکەلی، ئیبراهیم باجەلان، سەردار عەبدوڵلا، غازی سالار" ( باوەڕ، 2025؛ باجەلان، 2025) هەر لەم بارەیەوە دکتۆر ئارام عومەر محێدین هەمان ڕای هەبوو و ئەو بۆچوونەی پشتڕاستکردەوە ( محێدین، 2025)هەر لەم ڕووەوە "ئەحمەد باوەڕ" دەڵێت: لەمیانی ئەو ماوەیەدا چەندین گفتوگۆ و ڕاوبۆچوون ئاڵوگۆڕکرا، لە بارەی ئەوەی، کە ئایا ناوی کۆمەڵەکە چی بێت؟، و شوێنی کۆمەڵەکە لە کوێ بێت؟،

لە کاتێکدا ئەمانە هێشتا هەنگاوی سەرەتایی بوون، ئاکام بیرۆکەکە گەڵاڵە بوو، بڕیاردرا کۆمەڵەکە نێوی (ك.ر.ك.پ.ك) بێت" ( باوەڕ، 2025)دواتر بیرۆکەکە برایە لای خوا"مام جەلال" بیرۆکەکەی بەلاوە زۆر پەسەندبووە و بەڵێنی هاوکاری و پاڵپشتی تەواوی داوە لە هەموو ڕوویەکەوە بەمەبەستی زەمینەسازی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی گرنگی لەو جۆرە (شاکەلی، 2024؛ باوەڕ، 2025) هاوکات پێش ئەوەی گۆنگرەی کۆمەڵەکە ببەسترێت بیر لەوە کرایەوە کە لقی کۆمەڵەکە لە چەند شاروشارۆچکەیەکدا دیاری بکرێت، ئاکام لقێکی کۆمەڵەکە لە هەولێر و لقێکیش لە سلێمانی دانرا بڕیاردرا لە هەر یەك لە شارەکانی "چەمچەمال و دووز و کەلار و کفری"یش نووسینگەی کۆمەڵەکە بکرێتەوە، دواتر یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەکە لە (27 – 29)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (1995) لە شاری هەولێر بەسترا ( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل19؛ ئەژی، 2023، ل194؛ شێخانی 2008، ل 3-4) یەکەم سەرۆکی گشتی کۆمەڵەکە"شێخ موحەمەد شاکەلی"بووە( عەزیز، 2025( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل19؛ ئەژی، 2023، ل194؛ شێخانی 2008، ل 3-4)شاکەلی، 2024( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل19؛ ئەژی، 2023، ل194؛ شێخانی 2008، ل 3-4)باوەڕ، 2025) دامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك) دەرەنجامی هەست کردنی ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی شارەکە بوو بە بەرپرسیاریەتیە مێژووییەکانی سەرشانیان (( کۆمەڵەی ڕوناکبیری، 1998، ل5) بارەگای کۆمەڵەکە یەکەمجار لە شاری هەولێر بوو، بەڵام دواتر گوازرایەوە بۆ سلێمانی و دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی(2003)دا گوازرییەوە شاری کەرکوك، تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و نووسێنگەی لەو شارانەدا هەیە، بەڵام نووسینگەی چەمچەماڵ وەستاوە( ئەژی، 2006، ل 103). جێی باسە ئەم کۆمەڵەیە چەندین ئامانجی گرنگی هەبوو لەوانە:-

یەکەم/ هەوڵدان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کولتووری و فیکری و ئەدەبی و هونەری و مێژووی و شوێنەوارەکانی پارێزگاکە، واتە ( پارێزگای کەرکوك).

دووەم/ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی پارێزگاکە.

سێیەم/ کارکردن بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی سیاسەتە شۆڤێنیەکانی ڕژێم و کۆکردنەوەی کولتووری پارێزگاکە و ڕزگارکردن لە نێوچوون و شێواندنی.

چوارەم/ ڕێکخستن و پتەوکردنی پەیوەندیە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی نێوان سەرجەم خەڵکی پارێزگاکە.

پێنجەم/ کارکردن بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کۆچ پێکراوەکانی پارێزگاکە بۆ ڕێ و شوێنی خۆیان بە ڕێگایەکی ڕەوا.

شەشەم/ هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی و بەتایبەتی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی پرۆسەی ڕاگواستن و ئاوارە و قوربانیانی ئەنفالەوە کەوتونەتەوە و سڕینەوەی ئاسەوارە سایکۆلۆژییەکانی ( ئەژی، 2023، ل 194؛ شێخانی، 2008، لل 3-6)

ئامانجێکی تری کۆمەڵەکە دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوە بووە، بۆ زیاتر بووژانەوەی ئەدەب و کولتووری پارێزگای کەرکوك و خزمەتێکی دیکە بۆ کتێبخانەی هەموو ناوچەکە. هاودەم کۆمەڵەی ڕووناکبیری چەندین چالاکی و بۆنەی جۆراوجۆری لە کات و ساتی جیاوازدا چ لە شاری کەرکوك و ئەو ناوچانەی کە نووسینگەکانی کۆمەڵەکەی تێدابوو ئەنجام دراوە، چەندین بەرهەمی نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیرانی بە چاپ گەیاندووە ( شێخانی، 2008، لل7-66؛خەیات 2013، 48، لل 3-6) بۆیە دوای دامەزراندنی کۆمەڵەکە بیر لەوە کرایەوە کە کۆمەڵەکە ئۆرگانێك یاخود زمانحاڵێکی هەبێت، تاوەکو بتوانێت لە ڕێگەیەوە ئامانج و مەبەستەکانی بەدیٚ بهێنێت ( شاکەلی، 2024؛عەزیز، 2025؛ بەهرۆز، 2025) لەم سۆنگەیەوە " ئارام عومەر محێدین" سەبارەت بە بەراییەکان و هەنگاوەکانی دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك دەڵێت: "ئەوەی لە یادمە گۆڤارەکە لە ڕاسپاردەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکدا، بڕیاری لەسەر درا کە پێویستە گۆڤارێك دەربکرێت، پاڵپشت بێت بۆ ئامانجەکانی دامەزراندنی کۆمەڵەکە و هۆکارێکیش بێت بۆ لایەنی تۆماری ئەرشیڤی کۆی ڕەهەندەکانی تایبەت بە کەرکوك و ئامرازێك بێت بۆ پەرەپێدانی ڕووناکبیری گشتی، هەر بۆیە دوای ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە و پرس و ڕاوێژ لە لایەن ئەو بەڕێزانەی کە ڕاستەوخۆ هاتنە نێو کارەکەوە و دوای پرس و ڕاوێژێکی زۆر بە کەسانی ڕووناکبیری و خەڵکانی ئەکادیمیست، هەنگاوی یەکەم نرا بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە و ئاکام بەرهەمەکەی ئەوەبوو کە بە دەرچوونی نۆبەرەی گۆڤارەکە لە ژمارە (1)دا لە هاوینی ساڵی (1999)دا خۆی بینیەوە( محێدین، 2025).

کەواتە دەکرێت بوترێت بیرۆکەی دەرکردنی گۆڤارەکە، دوای دامەزراندن و دروستبوونی (کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك)دا گەڵاڵەبوو ( شاکەلی، 2024؛عەزیز، 2025) لە لایەن هەموو ئەوانەی کە بەشداربوون لە دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا لەسەرڕووبانەوە (جەلال جەوهەر و شێخ موحەمەدی شاکەلی) ( فەرەج، 2025) بەو مەبەستەی کۆمەڵەکە ڕۆڵێکی باشتر و کاریگەرتر بگێڕێت و ئەو بارودۆخەی کە لە کەرکوکدا هەبوو ڕوون بکاتەوە، بۆیە بیر لەوە کراوەتەوە، کە کۆمەڵەکە ئۆرگانێك یاخود گۆڤارێکی هەبێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیری زۆر باشی هەبوو، تەنانەت وای لێهاتبوو ڕۆڵی سیاسیشی هەبوو، ئەگەرچی خۆی لە بنچینەدا ئامانجەکانی سیاسی نەبوون بەڵکو زیاتر کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بوو ( عەزیز، 2025؛ شاکەلی، 2024) لەم ڕووەوە " ئارام عومەر محێدین" دەڵێت: یەکێك لە دەرهاویشتە و ئامانجەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی نێوخۆیی کۆمەڵەکە، دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك بوو(محێدین، 2025)، بەڵام دەکرێت لێرەدا بپرسین، لە کاتێکدا بیرۆکەی دەکردنی گۆڤارەکە زادەی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوکە، ئەی ئایا بۆچی دواکەوت بۆ ساڵی 1999؟! لەم ڕووەوە"جەلال جەوهەر"دەبێژێت"بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی نێوخۆیی کوردستان و دروسبوونی شەڕی نێوخۆی کوردستان، زەمینەی دەرچوونی گۆڤار و پرۆژەی ڕۆشنبیری و ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی دواخست و تاوەکو بارودۆخەکە هێوربوویەوە شەڕەکە وەستا و جۆرێك لە ڕێکەوتننامە مۆرکرا، ئەو کاتە زەمینەی هاتنە ئارای گۆڤار و ڕۆژنامە زیاتر بوو، هەر

بۆیە لەو کاتەشدا ئەو زەمینەیە سازا کە ئێمە بتوانین گۆڤارێکی وەکو ” گۆڤاری کەرکوك“دەربچوێنین“ ( عەزیز، 2025). بەم چەشنە دەکرێت بوترێت ئەو پەرەسەندنە مێژوویی و سیاسی و ڕووناکبیری و ئەو ڕەوشە ئازادەی دوای ڕاپەڕین و ئەو پێویستە هەنووکەیی واقیعەی ئەو کاتەی کەرکوك و کۆمەڵەی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکوك، زەمینە خۆشکەر بوو بێت بۆ گەڵابوونی دەرکردنی گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی وەکو ”گۆڤاری کەرکوك“ کە ڕووناکبیرانی کەرکوك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

گۆڤاری کەرکوك وەکو یەکێك لە دیارترین و کاریگەرترین گۆڤار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لە دوای ڕاپەڕین، هەر وەکو لەسەر بەرگەکەی نوسراوە و پێناسەی خۆی کردووە کە گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتی وەرزیە، کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕەهناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك بە هاوبەشی دەریدەکەن، یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لە هاوینی ساڵی 1999دا دەرچووە ( کەرکوك، 1999، 1، ل1؛ ئەژی، 2006، ل103؛ البازرکان، 2005، ل202؛ ساڵەح، 2011، ل 20)، دوا ژمارەش کە ژمارە (48) لە پایزی 2013دا دەرچووە ( کەرکوك، 2013، 48، ل1) کەواتە تێکرا لە ساڵی (1999)وە تاوەکو ساڵی (2013)و لە ماوەی چواردە ساڵدا (48) ژمارەی لێدەرچووە. واتە بە بەردەوامی لە ماوەی هەر سێ مانگ جارێکدا ژمارەیەکی لێ دەرچووە، سەبارەت بە شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکەش، ئەوا لە ژمارە (1 – 15) لە پارێزگای سلێمانی دەرچووە، لە ژمارە (16 – 48)ی گۆڤارەکە لە کەرکوك دەرچووە ( بەهرۆز، 2005، کەرکوك 25، ص 215؛ گۆڤاری کەرکوك، 2007، 34، ل 203؛ 2013، 46، ل 83؛ 2013، 47، ل1؛ 2013، 48، ل1) ئارمی گۆڤارەکە، ئەوە لەسەرەتاوە لە ژێر ناونیشانی گۆڤارەکە نووسراوە ” گۆڤارێکی ڕووناکبیری گشتی وەرزییە“، ”کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان و کۆمەڵەی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك بە هاوبەشی دەریدەکەن“، بەڵام لە ژمارە (8)هوە تەنها نووسراوە ( کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك دەریدەکات)، هاوکات ئەم گۆڤارە لە میانی ئەو ماوەیەی تەمەنی خۆی سێجار ژمارەی جووتی لێ دەرچووە، ئەوانیش (2 – 3)ی ساڵی (1999 – 2000) پایز و زستانی ئەو دوو ساڵە، لەگەڵ ژمارەکانی (22 – 23)ی پایز و زستانی ساڵانی (2004 – 2005)، ژمارەی (42 – 43)ی پایز و ستانی ساڵانی (2009 – 2010)( بەهرۆز، 2005، ص 215؛ گۆڤاری کەرکوك، 2013، 46، ل 83؛ 2013، 47، ل 1؛ 2013، 48، ل 1).

## ئەنجام

یەکەم :توێژینەوەکە سەلماندی کە پەیڕەوکردنی سیاسەتە کانی بە عەرە بکردن و ڕاگواستن و بە بەعسکردنی دانیشتوانی کە رکوک بوونە مایە ی شیواندی مێژوو وە دروستکردنی درزیکی گە ورە ی مێژوویی سیاسی وکومە ڵایەتی و روشنبیری لای تە واوی پیکهاتە کانی کە رکوکە بویە کاریگە ری نە و سیاسە تانە رولی کارای خویان هە بوو بو زە مینە سازی دە رچوونی گوڤاری کە رکوک.

دووەم: دامە زراندنی کومە لە ی رووناکبیری و کومە لایە تی پاریزگای کە رکوک لە سلیمانی و ناوچە نازاد کراوە کانی تری کوردستان بوو، بە سە کویە ک بو کو کردنە وە ی روشنبیران و ئە و کە رکوکیانە ی کە تامە زروبوون کە گوفاریک یاخود ئورگانییکی تایبە ت بە خویان و بە زمانی خویان هە بیت کە گوزارشت لە راو بوچوونی ئازادی خویان بکە ن و بە شداری رە وتی مە عریفی شارە کە یان بکە ن و دە لاقە یە کی بە روویاندا کردە وە.

سێیەم:دە رکردنی گوشاری کە رکوک یە کیک بووە لە راسپاردە و پە یرە و و پروگرامی نیو خوی کومە لە ی رووناکبیری و کومە لایە تی پاریزگای کە رکوک کە پالپشت بووە بو نامانجە کانی دامە زراندنی کومە لە کە و هو کاریکیش بووە بو لایە نی ئە رشیفی کوی رە هە ندە کانی تایبە ت بە کە رکوک بویە کومە لە کە رولیکی سە رە کی هە بووە لە و رووە وە.

چوارەم: هاوکات ئەو پەتەسەندنە مێژوویی و سیاسی و رووناکبیری و ئەو رە وشە نازادە ی دوای را بە رین و ئەو و پیویستە هە نووکە یی ئەو واقیعە ی ئەو کاتە ی کە رکوك و کومە لە ی رووناکبیری کومە لایە تی پارێزگاری کە رکوک زە مینە خوشکە ر بوون بو گە لابوونی دە رکردنی گوفارنکی روشنبیری گشتی وە کو گوفاری کە رکوک" کە رووناکبیرانی کە رکوك لە دەوری خوی کۆبکاتەوە.

پێنجەم: تویژینە وەکە ئەوەمان بو دە ردە خات کە گوفاری کە رکوک بلاوکراوەیە کی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی نەبووە، بە ڵکو بە شیکی دانە براو بوو لە خودی پروسە ی شورشگیری و گە یاندنی دەنگی خەڵک و خالی جە وهە ری بوو بو تیگە یشتن لە دینامیکی بە رخودانی کولتووری لە کوردستان لە ماوە ی سالانی (1999) - (2013) دا.

شەشەم : دەرکردنی گۆڤاری کەرکوک بەو مەبەستە بووە کە پاڵپشت بێت بۆنامانجە کانی دامە زراندنی کۆمەڵەی ڕووناکبیری وهۆ کاریکیش بیت بو لایە نی تو ماری ئەرشیفی وکوی رە هە ندە کانی تایبەت بە کە رکوك و نامرازیک بو پەرەپێدانی رووناکبیری گشتی.

## لیستی سەرچاوەکان:


1- ئاغجەلەری، پشکۆ حەمە تاهیر، 2007، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1917 – 1926، چ1، سلێمانی، پاپ و پەخشی حەمدی.

2- ئاغجەلەری، پ.د. پشکۆ حەمە تاهیر، 2023، کەرکوك لە چەند توێژینەوەیەکی دیرۆکی زانستیدا، ب1، چ1، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

4- ئاغجەلەری، دکتۆر پشکۆ حەمەتاهیر، 2015، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1957 – 1977، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.

5- مستەفا، سۆزان کەریم، 2007، بەعسیزم و کورد، چ1، سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

6- مینە، ئەمین قادر، 2012، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان ( تەرحیل، تەعریب، تەبعیس)، سلێمانی بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

7- دێشنەر، د.کوینتەر، 2024، کورد گەلی لە خشتەبراوی خەدرلێکراو، و.حمەکەریم عارف، چ3، هەولێر، چەپخانەی کەمال.

8- ڕۆستم، نیسان حەسەن، 2017، کورد و دەسەڵاتە یەك بەدوای یەکەکانی عێراق1916 – 1968، چ1، سلێمانی، چاپەمەنی گەنج.

9- قەرەداغی، عەتا، 2007، کاریگەری کولتووری ئەوانی لەسەر کورد، سلێمانی ، چاپخانەی ڕوون.

10-عیسا، ئەلبیرت، 2004، خوێندنەوەی بەعس بۆ فاشیزمی مێژوویی،لێکۆڵینەوەییکی سیاسی لەسەر بەعسی عێراق، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.

11- سۆفی، 2003، پارێزگای کەرکوك لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا، سلێمانی، چاپخانەی بەرهەم.

12- قوربانی، عارف، 2005، کەرکوك و پاکتاوی ڕەگەزی لە بەڵگەکانی بەعسدا، ب2، چ1، کەرکوك، چاپخانەی تیشك.

13- قوربانی، عارف، 2005، لەبارەی کەرکوکەوە، چ1،کەرکوك، چاپخانەی تیشك.

14- قادر، دکتۆر جەبار، 2019، کەرکوك نەفرەتی نەوت و ستەمی دیمۆگرافیا، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

15- عەبدولرحمان، فەرمان، 2006، پاکتاوی رەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا، 1925 – 2000، چ1، سلێمانی، چاپ و پەخشی حەمدی.

16- کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك، پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆ، 1998، چ3، (بەبێ شوێنی چاپ)، کۆمپیوتەری ئەستێرە.

17- الحسن، احسان محمد، 1999، موسوعة علم الاجتماع، ط1، لبنان – بيروت، دار العربية للموسوعات.

18- سیوەیلی، ڕێبوار، 2003، قەفەس ئاسنین یان بۆببمەوە بە عێراقی، چ1، سلێمانی چاپخانەی ڕەنج.

20- شۆرش، شاخەوان، 2003، پاکتاوی ڕەگەزی لە ناوچەی کەرکوك و ئەگەری دەستوەردانی مرۆڤانە، چ1، سلێمانی، چاپخانەی دیلان.

21- موحسنی، مەنوچهەر، 2002، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و. ڕێبوار سیوەیلی، چ1، هەولێر دەزگای چاپ و بەخشی موکریانی.

22- تاڵەبانی، دکتۆر نوری، 2004، ناوچەی کەرکوك و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ئەم ناوچەیە، چ2، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

23- کۆمیتەی باڵای ئاوارەکان، بۆ ئەو مەبەستانە و دواتریش ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە دەرکردنی گۆڤاری کەرکوك. (توێژەر).

24- ئەبوبەکر، هەڤاڵ، 2002، ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی کوردی، سلێمانی، چاپخانە ئۆفسێتی تیشك.

25- ئەمین، د.ئەحمەد حەمەد، 2024، بایەخی گۆڤاری k21، وەك سەرچاوەیەك لەنوسینەوەی مێژووی کوردا، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

26- ئەژی، سمکۆ بەهرۆز، 2023، ئینساکلۆپیدیای کەرکوك، بەرگی سێ، سلێمانی، چاپخانەی تاران.

27- قادر، جبار، 22006، قضايا كردية معاصرة (كركوك الانفال – الكردوتركيا)، دار أراس.

28-حسين، صدام، 1979، حوله كتابة التاريخ، بغداد، دار الحرية الطباعة والنشر.

29- عيسى، حامد محمود، 1992، المشكلة الكردية في الشرق الأوسط منذ بدايتها حتى عام ١٩٩١ ، القاهرة، مكتبة مدبولي.

30- محێدین، جوان جەلالەدین، 2022، ڕۆڵی ڕاگەیاندنی بنکۆڵکاری لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، زانکۆی سەلاحەدین، کولێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن. (تێزی دکتۆرای بڵاونەکراوە).

31- فرج، ئارام علی، 2008، ڕۆڵی پارتەکان لە گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، زانکۆی سلێمانی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی کۆمەڵناسی.( نامەی ماستەر بڵاونەکراوە).

32- محمد بهادين احمد، 2007، تطور الإعلانات في الصحافة الكردية دراسه مسحيه مقارنة صحيفتي(كردستان نوى) و(خبات) أنموذجا للمدة 2005/7/1 لغاية 2005/12/31، جامعة بغداد، كلية الاعلام. ( رسالة ماجستير غير منشورة)

33- پشدەری، بازرگان سەعید، (2009)، بۆ شوێن و شێوەکانی گۆڕینی دیمۆگرافیا لە عێراقدا، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ.(2)، ساڵی حەڤدەهەم.

34- ڕزگاری، بورهان ئیبراهیم، 2003، " کەرکوك و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (1958 – 1968)"، کەرکوك، ژ(16).

35- محمد، بورهان عەلی، (2009)، " ڕاگوستن و بەعەرەبکردنی کەرکوك لە بەڵگەنامەکانی بەعسدا"، کەرکوك، ژ.(39).

36- تاهیر، هیوا محمد و محمود، سەروەر سابیر، (2007)،" ئاکامە کۆمەڵایەتیەکان بە عەرەبکردن لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا"، کەرکوك، ژ.(31).

37- تاڵەبانی، د.نوری، 2001، " سیاسەتی گۆڕینی واقعی نەتەوەی کەرکوك لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ"، کەرکوك، ژ.(9).

38- دارتاش. پارێزەر عەبدوڵڵا، (2006)، " گرنگی مێژووی شاری دێرینی (کارکۆك) و قەڵای مێژووی (کارگۆد) بۆ نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان"، کەرکوك، ژ(29).

39- پەیامی"مام جەلال" لە بیرەوەری ڕزگارکردنی کەرکوکدا، (1999)، کەرکوك، ژ(1).

40- عبداللە، خورشید عبداللە،(2001)،" کاریگەری کۆچ لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەکانی شاری کەرکوك"، سەنتەری برایەتی، ژ.(20).

41- محەمەد، ئەمیر خواکەرەم، 2003، ڕوشی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕاگوێزراوان، کەرکوك، ژ.(17).

42- ئەسەسەرد، فەرید، (2005)،" لە نێوان بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن"، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژ.(2) ساڵی سیانزەهەم.

43 - ساڵح، ئاری جەلال، (٢٠٠٤) ئەنفال هەوڵێک بۆ جینۆسایدکردنی کورد، کەرکوک (١٩).

44- شريف، جليل محمد، (2005)، الاثار الاجتماعية للتغير الديموغرافي(كركوك نموذجا)، کەرکوك، ع.(25).

45- بهرۆز، سمکۆ، 2005، " بيبلۆگرافيا مجلة كركوك خلال ستة سنوات من صدورها" ع(25) گۆڤاری کەرکوك، 2007.

46- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( سیروان سلێمان ئەحمەد)، کەلار، یەك شەممە لە 2025/3/2.

47- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (جەلال جەوهەر عەزیز)، سلێمانی، سێ شەممە لە 2025/1/21.

48- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (سمکۆ بەهرۆز)، سلێمانی، سێ شەممە لە 2025/1/21.

49-چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ موحەمەد شاکەلی)، کەلار، چوار شەممە لە 2024/12/4.

50- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. ئەحمەد باوەڕ)، کەلار، چوار شەممە لە 2025/2/26.

51- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د.ئارام عومەر محێدین)، سلێمانی، پێنج شەممە لە 2025/2/6.

52- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (هاشم عاسی کاکەیی)، کەرکوك، سێ شەممە، لە 2025/1/28.

53- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ ( د.عصام نامق عەبدڵڵا)، سلێمانی، سێ شەممە لە 2025/3/4.

54- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (لەتیف فاتیح فەرەج)، چەمچەماڵ، دووشەممە، لە 2025/1/31.

55- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە)، سلێمانی، پێنج شەممە لە 2025/2/13

OPEN ACCESS Aran Journal (Volume-2, issue-1), 2026 Member of Crossref

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-06

# Contextual factors and a brief history of the publication of Kirkuk magazine

**Swar hassan muhamad, pshko hamtahir abdulrahman**

Department of History, College of Humanities, Sulaimani University, Kurdistan Region of Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-10-06** |
| Accepted | **2026-01-09** |
| Published: | **2026-01-16** |

**Keywords**

**Kirkuk, refugees, intellectual association, ethnic cleansing**

**Corresponding Author**

Swarh1980@gmail.com
Pishko.tahir@univsul.edu.iq

**Abstract:**

This is an academic study that examines the factors and historical background behind the publication of Kirkuk Magazine during the period 1999–2013. This was and important phase in the development of the magazine. Despite its importance, the aims, motivations, and messages behind the magazine's publication were unclear and had not been studied. Available sources reveal a rich historical background related to major historical events and human tragedies in Kirkuk, including policies of Arabization, forced displacement, and (Ba'athification). These policies have deep historical roots and long term consequences, yet they have not been adequately examined as influential factors in the announcement of Kirkuk magazine within an independent academic research framework.

This research presents a serious and scientific attempt to shed light on the historical background and the various stages of implementing these policies, while also analyzing their impact on the nature of the magazine's content, objectives, and reasons for establishment. In addition, the study investigates the founding of the Intellectual and Social Association of Kirkuk Governorate and its important role in launching and publishing Kirkuk magazine, highlighting previously overlooked information and bringing it into academic discussion.Based on sources, interviews, and historical references, the study concludes that Arabization, displacement, Ba'athification, and forced migration shaped the conditions that led to the Magazine's emergence and the formation of the Organization and their characteristics.Methodologically, the research relies on historical, descriptive, and analytical approaches and organized around three factors which addresses the historical and political, intellectual and social factors influencing the magazine's development.